Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARAN.2025.01-01-24

# بەربەستە نازمانییەکانی ئاخاوتنی کوردی لە چوارچێوەی تیۆریی درکپێکردندا
## (توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوە لە نامەی ماستەر)

**شۆخان جەمال حەمە ڕەشید، سۆزان سەعدوڵا عەبەلغەنی**

بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی چەرموو، هەرێمی کوردستان - عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| **Received:** | June, 2025 |
| **Accepted:** | July, 2025 |
| **Published:** | August, 2025 |

**Keywords**

بەربەست، ئاوەز، تێگەیشتن، درکپێکردن ، کۆزمانەوانی

**Corresponding Author**

Suzan.saadulla@chu.edu.iq
Shoxan.jamal@chu.edu.iq

**پوختە:**

زمان وەک ئامرازێکی بنەڕەتی پەیوەندی، نەک تەنها ئامرازێکە بۆ گەیاندنی زانیاری، بەڵکو ڕێگایەکی سەرەکییە بۆ دەربڕینی بیروڕا، هەست و سۆز، و دامەزراندنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا. لە کۆمەڵگای سەردەمیدا، کە بە فرەزمانی و فرەکلتوری تایبەتمەندە، دیاردەی بەربەستە نازمانییەکان وەک یەکێک لە گرنگترین ئاستەنگەکانی پەیوەندیی کاریگەر سەریهەڵداوە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (بەربەستە نازمانییەکانی ئاخاوتنی کوردی لە چوارچێوەی تیۆریی درکپێکردندا)، لە چوارچێوەی تیۆریی کۆمەڵایەتی زمانەوانی و درکپێکردن لە بەربەستەکانی پەیوەندیکردن لە ئاخاوتنی کوردیدا دەکۆڵێتەوە، باس لەوە دەکات، کە چۆن پۆلەکانی کۆزمانەوانی، ڕێگری لە لێکتێگەیشتنی تاکەکان دەکەن و گرفت بۆ پەیوەندییەکان دروستدەکەن. توێژینەوەکە سوود لە تیۆریی درکپێکردن وەردەگرێت، کە بۆ لێکدانەوەی دەربڕاوەکان پشت بە کۆزانیاری ئاوەزی تاکەکان دەبەستێت، بە پێی کات و کەس و شوێن و لایەنی دەروونی تاک جۆری بەربەستەکان دەگۆڕێت، ئەم بەربەستانە گرفتی گەورە لە پەیوەندییەکاندا دروستدەکەن و هەندێکات تێنەگەیشتنەکان سەردەکێشێت بۆ کێشەی گەورەتر، لەم توێژینەوەیەدا بەڕوونی و بە وردی کار لەسەر بەربەستی نازمانی یان کۆزمانەوانی کراوە، کە چۆن (تەمەن ، پلەوپایەی کۆمەڵایەتی، پیشە، کلتور و ئاین )، دەبنە بەربەست بۆ پەیوەندییەکان و لە لای ئاوەزی هەرتاکێکی کۆمەڵگەی کوردی چۆن دەربڕاوەکانی ئەو لایەنانە شیدەکرێتەوەو چۆن بە پێی دەوروبەر بەربەست دروست دەکەن و دەبنە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکان.

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە، کە بە ناونیشانی " بەربەستە نازمانییەکانی ئاخاوتنی کوردی لەچوارچێوەی تیۆری درکپێکردندا[1])، هەوڵدەدات تیشک بخاتە سەر بەربەستە نازمانییەکان، کە تووشی تاکی کورد دەبێت لە کاتی ئاخاوتندا و دەبێتە گرفت و ناتوانێت پەیوەندییەکی دروست ئەنجامبدات، ئەم شیکردنەوانە لە چوارچێوەی تیۆری درکپێکردندایە، دەکەوێتە سەر ئاوەزی تاک و شارەزایی و هەموو ئەو هۆکارانە دیاریدەکات و شیدەکاتەوە، کە چۆن دەبنە گرفت بۆ پەیوەندییەکان.

## کەرەسەی توێژینەوەکە

ڕوونکردنەوەوە هێنانەوەی نموونەکان، لە سنوری زاری کرمانجی ناوەڕاستدایە.

## سنوری توێژینەوەکە

سنوری توێژینەوەکە (کۆزمانەوانیی)ە.

## هۆ و ئامانجی توێژینەوەکە

هۆکاری سەرەکی لە هەڵبژاردن و کارکردن لەسەر بەربەستی نازمانی زمانی کوردی ئەوەیە، بە شێوەیەکی گشتی بەربەست لەم زمانەدا کارێکی سەربەخۆ و هەمەلایەنی لەسەر نەکراوە، لە ڕوانگەی پۆلێنکردنی بەربەستەکان و ڕوونکردنەوەیان، بۆیە بۆ ئەم توێژینەوەیە گرنگ بوو، کە کارێکی سەربەخۆ و بەپێی تیۆرییەکی دیاریکراو (تیۆریی درکپێکردن)بەربەستەکان، بەتایبەت بەربەستە کۆزمانەوانییەکان و کاریگەرییان لەسەر ئاخاوتن بخرێتە بەر ڕووناکی توێژینەوەکەوە.

## ڕێباز و تیۆری توێژینەوەکە

توێژینەوەکە بە ڕێبازی پەسنی شیکاری ئەنجامدراوە، نموونەکان بەپێی پێویست هێنراونەتەوە ولە ناو ئاخاوتن و کلتوری کوردییەوە خراونەتەڕوو و شیکراونەتەوە، هاوکات تیۆری بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە تیۆری (درکپێکردن) و بەپێی ئەم تێورە بەربەستەکان ڕوونکراوەتەوە.

## بەشەکانی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی (ئینگلیزی)، بۆ چەند پار و وەچە پارێک دابەشکراوە، کە ئەوانیش بریتین: لە ناساندنی (بەربەست و جۆرەکانی بەربەست) و (پوختەیەك لەبارەی تیۆریی درکپێکردن) و (بەربەستە کۆزمانەوانییەکانی زمانی کوردی).

## ١/ ناساندنی بەربەست و پێناسە:

### ١/١زمان و بەربەست:Language and Barriers

زمان لایەنێکی بنچینەی بوونی مرۆڤە، هەم وەک ئامرازێک بۆ پەیوەندی و هەم وەک ڕەنگدانەوەی ناسنامەی کەلتووری، هۆکاری سەرەکییە کە تاکەکان لە ڕێگەی ئەوەوە بیرورا، هەست و ئەزموونەکانیان دەردەبڕن، توانای گواستنەوەی زانیاری و دابونەریت بە درێژایی نەوەکان هەیە، جگە لە ڕۆڵە کردارییەکەی پەیوەندیکردن، زمان بە قووڵی لەگەڵ پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکاندا تێکەڵ بووە، کارلێکەکانی ناو کۆمەڵگەکان پێکدەهێنێت. کەواتە پەیوەندیکردن یەکێکە لە لایەنە بنەڕەتییەکانی ژیانی مرۆڤ، وەک ئامرازێک کە تاکەکان لەڕێگەیەوە پەیامەکان دەگوازنەوەو زانیاری هاوبەش دەکەن و هەستەکان دەردەبڕن، سەرباری ئەوەی ڕۆڵی بنەڕەتی زمان ئەوەیە توانای پەیوەندیکردن دەدات بە ئاخێوەرانی بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی وەک:( پرسیارکردن ، هەستدەربڕین ، فەرمانکردن ، کات بەسەربردن ،هتد....)، هەندێ کات زمان خۆی لەم پەیوەندیکردنەدا بەربەست دروست دەکات، وا دەکات تێگەیشتن، یان بەدەستهێنانی ئەو پەیوەندییەی دەمانەوێت سنورداربێت، یان ناگاتە ئەنجامێکی دروست و هەندێجار گرژی و ئاڵۆزی لە پەیوەندییەکەدا دروستدەبێت، کەواتە بەربەستەکان دەبنە هۆی تێکدانی پەیوەندییەکان، ئەم بەربەستانە بەدرێژایی مێژوو هەبوون کە فاکتەری زمانەوانی، مەعریفی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، یان کولتووری، یارمەتیدەربوون لە سەرهەڵدانی بەربەستەکان کە توانای تاکەکان بۆ تێکەڵبوون بە تەواوی لەگەڵ ژینگەی زمانییدا سنووردار دەکات، ڕێگری لە پەیوەندی نێوان تاکەکان دەکەن، هەروەها کاریگەری لەسەر توانایان هەیە بۆ دەربڕینی زانیاری ناو ئاوەز، یان دەستگەیشتن بە زانیاری، یان تێکەڵاوبوون لەگەڵ کۆمەڵدا. هەندێک بەربەستی زمانەوانی بە شێوەیەکی سروشتی لە ئاڵۆزی سیستەمی زمانەکە خۆیەوە دروستدەبن، وەک :نارێکیی ڕستەسازی، سنووردارکردنی وشەسازی، و جیاوازیی دەنگی، هەندێکی تر لە دەرەوە لەلایەن فاکتەری مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە سەپێنراون، لەوانە سەرکوتکردنی زمان، سیاسەتی پەروەردە و لەکەدارکردنی کۆمەڵایەتی. بەربەستەکانی زمان دەتوانن کاریگەرییەکی بەرچاویان هەبێت لەسەر پەیوەندیکردن، چ لە دۆخی کەسی و چ لە دۆخی پیشەیی، جا چ لە چاودێریی تەندروستی، بازرگانی، پەروەردە، یان کارلێکەکانی ڕۆژانەدا بێت، بەربەستی زمان دەتوانێت ڕێگری لە پەیوەندیی کاریگەر بکات، کە ئەگەری هەیە ببێتە هۆی تێنەگەیشتن و دەرفەتە باشەکان لەدەست بچێت.

---

[1] ئەم توێژینەوەیە لە بنەڕەتدا، توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوە، لە نامەی ماستەری خوێندکار (**شۆخان جەمال حەمەڕەشید**)، بە ناونیشانی " **بەربەستە کۆزمانەوانییەکان لە ئاخاوتنی کوردیدا**".

کەواتە هەرشتێک ڕێگری  بکات یان ببێتە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکان بە بەربەست ناودەبرێت، چونکە مانەوەی مرۆڤ لەو کۆمەڵەی تێدایە بەهۆی گفتوگۆ و پەیوەندییە دروستەکانەوەیە، زمانەوانان کۆکن لەسەر ئەوە، کە زمان سەرچاوەی سەرەکیی بەربەستەکانی پەیوەندیکردنە، ڕەنگە پەیوەندیی هەڵە کاتێک ڕووبدات کە قسەکەر و گوێگر زمان یان زارو شێوەزاری یەکتر شارەزانەبن، کە ئەمە لە هەموو کارو پیشەیەکدا دەکرێت ڕووبدات و ئەم شارەزانەبوونە، تێنەگەیشتن دێنێتە ئاراوەو بەربەست بۆ پەیوەندییەکە دروست دەبێت، هەندێکات ئەم تێنەگەیشتنە بێزاری یان کێشە و گرفتی گەورەی لێدەکەوێتەوە .بۆ نموونە، لە نێوان نەخۆش و پزیشکدا، لە کارێکی بازرگانیدا، لە چاوپێکەوتنێکی کاردا، لەژینگەیەکی پیشەسازیدا ، ....هتد، (جیۆڤانۆنی و شیۆنگ) دەڵێن:"دروستبوونی بەربەست لە پەیوەندیکردندا بەهۆی سێ کێشەی تەکنیکییەوەیە کە بریتین لە:

١- ڕەنگە قسەکەر جۆری زمانی گوێگر نەزانێت.

٢-ڕەنگە گوێگر جۆری زمانی قسەکەر نەزانێت.

٣- لەوانەیە پەیامی باوی پێویست (لە نێوان قسەکەر و گوێگر) نەبێت بۆ گواستنەوەی زانیاری بەسوود"( Giovannion and Xiong,2019,273).

لێرەدا (جیۆڤانۆنی و شیۆنگ) باوەڕیان وایە بەربەستی گرنگ لە ئاخاوتندا زمانە، کە دەکرێت (قسەکەرو گوێگر) شارەزای زمان یان زاری یەکتر نەبن و ئەمە دەبێتە گرفت بۆ  پەیوەندییەکە و وادەکات نەتوانن پەیوەندییەکی دروست لە نێوانیاندا ڕووبدات، هەروەها دەڵێن نەبوونی پەیامی هاوبەش(واتە قسەکەر و گوێگر لەسەر یەک بابەت گفتو وگۆنەکەن) بەربەستەکە گەورەتردەبێت و بەتەواوی تێنەگەیشتن دروستبێت، واتە جگە لە زمانی پەیوەندیکردن ئەگەر کەناڵێکی تری پەیوەندیکردنی وەک (هێما، وێنە ، کۆنتێکستی گونجاو )لە ئارادا نەبێت ئەوا ئەو پەیوەندییە بە هیچ جۆرێک ڕوونادات، بە نموونە قسەکەرێک بە زمانی (ا) دەئاخاوێت، گوێگریش بە زمانی (ب) دەئاخاوێت، قسەکەر دەربارەی کەش و هەوای ڕۆژەکە پرسیار لە گوێگر دەکات، لەگەڵ ئەوەی شارەزای زمانی یەکتر نین لە هەمانکاتدا هیچ کەناڵێکی تری پەیوەندی وەک هێما و زمانی ئیشارە(ئەندامانی جەستە) بەکار نەهاتووە لێرەدا بەربەست دروست دەبێت و هیچ پەیوەندییەک لە نێوانیاندا ڕوونادات. سەرباری زمان کە دەبێتە بەربەست لەبەردەم پەیوەندیکردندا هۆکاری دەرەکیش (جەستەیی، دەروونی ، ژینگەیی، کلتوری...هتد) دەبنە ڕێگر لە چۆنیەتی پەیوەندیکردن، ئەوان وەک کۆسپ کار دەکەن لە نێوان پەیوەندی قسەکەر وگوێگر، بەم شێوەیە سروشتی ڕاستەقینەی دەشێوێنێت و دەبێتە هۆی هەڵە تێگەیشتن، دەربارەی ئەمە (نۆرمان فێرکلۆف) دەڵێت: (زمان وەک بنیاتێکی کۆمەڵایەتییە ،لە بەکارهێناندا بێلایەن نییە و بەهۆی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و دەسەڵاتی دامەزراوەییەوە لە قاڵب دەدرێت)(Fairclough,2001,15).لێرەدا فێرکلۆ مەبەستی ئەوەیە بەکارهێنانی زمان سەربەخۆ نییە و گروپە کۆمەڵایەتییەکان زمان بەکاردەهێنن بە شێوەی جیا لە شێوازی قسەکردنی جیاوازدا، دروستبوونی ئەم شێوە جیاوازانە دەبنە هۆکار بۆ دروستبوونی بەربەستی زمانی و نەگەیشتنی پەیامەکە وەک خۆی.

بەربەستەکان تەنها لە زمانێکی دیاریکراودا نین و لە هەموو زمانێک و لە هەموو کۆمەڵگایەکدا درووستدەبن و دەبنە هۆی تێکدانی پەیوەندییەکان، بۆیە لێکۆڵینەوە لە بەربەستە زمانی و نا زمانییەکان گرنگە،  بەتایبەتی لە کۆمەڵگاکانی فرە زمان و پەراوێزخراوەکاندا ، کە دەستگەیشتن بە سەرچاوەکانی زمان زۆرجار سنووردارە. زمانی کوردیش وەک هەر زمانێکی تر، کە لەلایەن دانیشتوانی ناو کۆمەڵەکانەوە قسەی پێدەکرێت، بەدەر نییە لە بەربەستی زمانی و لە فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکیەوە سەرهەڵدەدەن وەک هەبوونی چەندین شێوەزار، مێژووی کۆتوبەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی، و نەبوونی چوارچێوەیەکی زمانەوانی ستانداردد..هتد، تێگەیشتن لەم بەربەستانە پێویستی بە ڕێبازێکی هەمەلایەنە هەیە، کە زمانناسی کۆمەڵایەتی، دەروونناسی و تیۆری درککردنی کۆمەڵایەتی تێکەڵ بکات بۆ شیکردنەوەی پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان زمان و ناسنامە و توانای دەستگەیشتن بە پەیوەندییەکی درووست.

## ٢/١/پێناسەو زاراوەی بەربەست: Term barrier

پێناسەی یەکەم:

(بەربەست بریتییە لە هەر هۆکارێکی زمانی یان کۆمەڵایەتی، ڕێگری لە دروستکردنی پەیوەندیی نێوان قسەکەرانی کۆمەڵگە زمان جیاوازەکان دەکات، بەربەستەکان تەنها بەهۆی نەشارەزایی زمانییەوە دروست نابن، بەڵکو لایەنی کۆمەڵایەتیش(تەمەن، ڕەگەز، چین، نەتەوە، ...هتد) هۆکارێکن بۆ دروستبوونی بەربەست و دەبنە هۆی تێکدانی پەیوەندییەکان).(Wardhaugh & Fuller,2015,12).

لەم پێناسەدا (واردهاو) لەڕوانگەی زمانی و کۆمەڵایەتییەوە بەربەستەکان دەخاتەڕوو، دەڵێت: هەر هۆکارێکی زمانی، وەک وشەیەکی تازە ،کە دێتە ناو زمانەوە  هەمووان سەرەتا شارەزاییان نییە بەرامبەری، یان هەر شێوازێکی ئاخاوتنی جیاوازی زمانی دەبێتە بەربەست و ڕێگری لە پەیوەندییەکان دەکات، ئەمەش ئاخێوەران دوور دەکات لە وەرگرتنی زانیاری دەربارەی زمان و شارەزاییان کەم دەبێت، هەروەها ڕوونیدەکاتەوە تەنها زمان هۆکار نییە بۆ دروستبوونی بەربەستەکان بەڵکو لایەنی کۆمەڵایەتیش هۆکارێکی گرنگە بۆ دروستبوونی بەربەست و تێکچوونی پەیوەندییەکان.

پێناسەی دووەم:

(بەربەست بریتییە لە جیاوازی پێکهاتە فکریی و چەمکییەکان لە نێوان ئاخێوەراندا، ئەمەش دەبێتە هۆی لێکتێنەگەیشتن یان تێکچوونی واتایی، تەنانەت لە کاتی بەکارهێنانی هەمان وشەکانیشدا).(lakoff,1987,5-6).

لەم پێناسەدا (لاکۆف) لە ڕوانگەی درکپێکردنەوە بەربەستەکان دەخاتەڕوو، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هەر مرۆڤێک نەخشەیەکی چەمکی لە ئاوەزیدا هەیە، کە لە ڕێگەی ئەزموون و کلتوورەوە دروستبووە، بۆیە کۆدکردن و کۆدکردنەوەی پەیامەکان بەپێی ئەو زانیارییانەیە لە ئاوەزی تاکدا هەیە، کە دەبێتە هۆکاری دروستبوونی بەربەستەکان، کاتێک دوو کەس هەمان وشە بەکاردەهێنن لە ڕوانگەی درککردنی خۆیانەوە شیدەکەنەوە، دەبێتە بەربەست و پەیوەندییەکە تێکدەچێت. بۆ نموونە، وشەی (ماڵ) لەلای کەسێک لەوانەیە جێگەی دڵخۆشی و ئاسایش بێت، بەڵام لەلای یەکێکی ترەوە لەوانەیە نا ئارامی و گرفت بێت.

پێناسەی سێیەم:

(بەربەست ئاماژەیە بۆ ڕێگرییەک، بەهۆی جیاوازییەوە سەرهەڵدەدات، لە پەیوەندی زمانی لە نێوان ئەو کەسانەی بە زمان و شێوازی جیاواز قسە دەکەن. بەربەستی زمان دەتوانێت تێگەیشتن بۆ مرۆڤ قورس بکات، ئاڵۆزی دروستبکات و ناتوانن پەیوەندیی کاریگەرانە بکەن، دەبێتە گرفت، لە چاودێری تەندروستی، پەروەردە، بازرگانی و بوارەکانی تری ژیان).( Kulaeva & Khasueva,2024,1 ).

(کۆلایڤا و کاسوایڤا) لەڕوانگەی کارامەیی و توانای زمانەوە باس لە دروستبوونی بەربەستەکان دەکات، دەڵێت بە پێی شارەزای کەسەکان و زانیاریيان دەربارەی ئەو زمانە دروستدەبن، کە ئەم بەربەستە هۆکارە بۆ تێکدانی  پەیوەندی نێوان تاکەکان و کێشە و ئاڵۆزی دروستدەکات، بەتایبەت لەبوارەکانی پزیشکی و پەروەدە و بازرگانی، کە دەبێتە گرفتی گەورە، چونکە ئەمانە ژیان و کاری سەرەکی تاکەکانن لە ناو کۆمەڵگادا.

بەنموونە:

١/ نەخۆشێکی کورد زمان سەردانی نەخۆشخانەیەک دەکات لە وڵاتێکدا کە کارمەندانی پزیشکی بە پلەی یەکەم بە ئینگلیزی قسە دەکەن، نەخۆشەکە کێشەیەکی زۆری هەیە بۆ وەسفکردنی نیشانەکان بە وردی، پزیشکەکەش بەهۆی نەبوونی زمانێکی هاوبەشەوە بابەتەکە بە هەڵە لێکدەداتەوە. لە ئەنجامدا نەخۆشەکە دەستنیشانکردن یان چارەسەری هەڵە وەردەگرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی بێزاری، دروستبوونی مەترسیە تەندروستییە ئەگەرییەکان و تێکچوونی متمانە لە نێوان نەخۆشەکە و دابینکەری چاودێری تەندروستی.

ئەگەر لە پێناسەکان وردببینەوە هەریەکەیان تێڕوانینیان بۆ دروستبوونی بەربەستەکان جیاوازە لە پێناسەی یەکەمدا: لایەنی زمان و لایەنی کۆمەڵایەتی بە هۆکاری دروستبوونی بەربەست دادەنێت، پێناسەی دووەم لایەنی درکردن و زانیاری و شارەزای ئاوەزی تاک دەکاتە هۆکاری سەرەکی بۆ دروستبوونی بەربەستەکان، پێناسەی سێیەم جیاوازی زمان و کارامەیی و توانای تاک دەگەڕێنێتەوە بۆ دروستبوونی بەربەستەکان.  کەواتە هەریەک لە هۆکارەکانی زمان، ژینگە، کلتور، تەمەن، ڕەگەز وشارەزای تاک گرفتی سەرەکین و دەبنە هۆکاری دروستبوونی بەربەستەکان      کەواتە لەڕوانگەی ئەم پێناسانەوە ، بەربەست بریتییە لە: هەبوونی هەر ئاستەنگێک لەبەردەم پەیوەندیکردندا، کە بەهۆی جیاوازی زمان و کلتور و پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە، ڕێگربێت لەبەدەست هێنان و تێگەیشتن و ئەنجامدانی پەیوەندییەکی کاریگەر لەناو تاکەکانی کۆمەڵدا، دەبێتە هۆکاری ئاڵۆزی و بێزاری، هەندێکات سەردەکێشت بۆ کێشەو ناتەبایی لەناو کۆمەڵدا.

## ١/ ٢/١جۆرەکانی بەربەست:

### ١/١/٢/١ بەربەستی زمانی:  Language Barriers

بەربەستی زمانی ئاماژەیە بۆ هەر بەربەستێک کە ڕێگری لە پەیوەندیی کاریگەر لە نێوان تاکەکان یان گروپەکاندا بکات، بەهۆی جیاوازی لە توانای زمان ، زاراوە، یان پێکهاتەی زمانی ، واتە جیاوازی لە توانای زمانی قسەکەرو گوێگردا دەربارەی ئەو زمانەی ئاخاوتنی پێدەکەن هەردووکیان شارەزانەبن دەبێتە هۆی دروستبوونی بەربەست، سەبارەت بەمە (ئاڤێری نایپەرت و ئەوانیتر ) دەڵێن:( بەربەستی زمان بریتییە لە کەمیی پەیوەندی لە نێوان ئەو تاکانەی کە بە زمانێکی هاوبەش قسە ناکەن، لە ئەنجامدا توانای ئاڵوگۆڕی زانیاری کەم دەبێتەوە)( Avery Neipert and theirs,2024,link). لە ڕوانگەی ئەمانەوە زمان سیستەمێکی پێکهاتەدارە لە هێما و یاساکان بۆ پەیوەندیکردن بەکاردێت، کاتێک دوو تاک زمانێکی هاوبەشیان نییە، ئەو کۆدە زمانییەی بەکاریدەهێنن جیاوازدەبێت، دەبێتە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکان، بەهۆی جیاوازیی دەنگەکان (فۆنیمەکان) لە نێوان زمانەکاندا جیاوازن، ئەمەش وا دەکات ناسینەوەی وشەکان قورس بێت، یان هەبوونی کەلێنی وشەیی، واتە هەندێک وشە یان چەمک لە زمانێکدا بوونیان هەیە، بەڵام لە زمانێکی تردا نین، هەروەها هەبوونی جیاوازی ڕستەسازی لە نێوان زمانەکاندا، بۆ نموونە پێکهاتەی ڕستەسازی زمانی کوردی بریتییە لە :(SOV)، وە پێکهاتەی ڕستەسازی زمانی ئینگلیزی بریتییە:(SVO)، کەواتە ئەم جیاوازیانە و شارەزانەبوونی ئەو تاکانەی پەیوەندییەکە دەکەن دەبێتە هۆی بەربەست و لە ئەنجامدا هەڵە تێگەیشتن دروست دەبێت.

(زمان و توانای زمانی دەبنە بەربەستێک بۆ پەیوەندیکردن، تەنانەت ئەگەرئاخاوتنەکەش بەهەمان زمان بێت، چونکە دەکرێت هەندێک دەستەواژە بەکاربهێنرێت و ببنە بەربەست، چونکە گوێگرەکە زانیاری نەبووە سەبارەت بەو دەستەواژەیەو نەیتوانیوە بەتەواوی لێی تێبگات ،بۆ نموونە پەیامێک کە زۆر زاراوەی تایبەت و کورتکراوەی تێدایە ،ڕەنگە گوێگر پێیان ئاشنا نەبێت لەم کاتەدا تێناگات)( Jureddi and Brahmaiah,2016,114). لێرەدا ڕووندەبێتەوە مەرج نییە بەربەستی زمانی تەنها لەنێوان دوو زماندا ڕوودبدات، بەڵکو دەکرێت لە نێوان قسەکەرانی زمانێکیشدا ڕوودبدات، بەهۆکاری ئەوەی مەرج نییە هەموو قسەکەرانی زمانێک لەتەواوی وشە و دەستەواژەکانی ناو زمانەکە شارەزابن ، یان دەکرێت شێوازی قسەکردنیان جیاوازبێت و ببێتە هۆی درووستبوونی بەربەست لە پەیوەندییەکەدا، بۆ نموونە کەسێک

پێشەی (چاککردنی سەیارەیە) ناوی هەموو کەرەسەکان بەباشی دەزانێت، گەر قسە لەگەڵ کەسێک بکات شارەزانەبێت ئەوە ئەو وشانەی بەکاریدەهێنێت بەربەست دروستدەکات و تێگەیشتن دروست نابێت.

### ١/٢/١/٢/ بەربەستی فیزیکی/ژینگەیی: Environmental Barriers

ئەو ژینگەیەی کە کردەی پەیوەندیکردنی تیدا ئەنجامدەدرێت، یەکێکە لەهۆکارە گرنگەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن بوونی کێشەو مەودای جوگرافیی زۆر لە نێوان قسەکەر و گوێگردا دەبێتە بەربەست بۆ پرۆسەکە، چونکە ئەمە دەبێتە هۆکاری ئەوەی زانیارییەکان بەڕوونی نەگات لە ئەنجامدا تێنەگەیشتن دێتە ئاراوە(Jureddi and Brahmaiah,2016,115).

هەر جۆرە هۆکارێکی فیزیکی یان ژینگەیی ، ڕێگرە لە پەیوەندیکردن بە شێوەیەکی کاریگەر ئەم هۆکارانە لەوانەیە ببنە هۆی سەرقاڵبوون و کەمتەرخەمی یان بەتەواوی پەیامەکە بگۆڕن و ببنە هۆی هەڵەتێگەیشتن، بەربەستە ژینگەییە سەرەکیەکان بریتین لە :( کات، شوێن، ئاووهەوا ، ژاوەژاو و بۆشایی نزیک)، هەندێکیان ئاسانن بۆ گۆڕین لە کاتێکدا هەندێکیان لەوانەیە بەربەستی قورس بن لە پرۆسەی پەیوەندیی کاریگەر. بۆنموونە: پەتای کۆڤید-٢٠٢٠ - زۆرێک لە خەڵک بە زەحمەت دەیانتوانی لە ماڵەوە کار بکەن، چونکە کێشەی تۆڕ لە لادێ و ناوچە دوورە دەستەکان هەبوو، ئەمە وایکردبوو ماڵی هەموو کەسێک ژینگەیەکی باش نەبێت بۆ کارکردن( Rani,2016,76). کەواتە (ڕانی) ژینگە بەبەربەستی گرنگ دادەنێت بۆ تێکچوونی پەیوەندییەکان، بۆ نموونە دەڵێت: ئەوکاتەی ئەو پەتایە بە جیهاندا بڵاوبوویەوە نەدەتوانرا هەموو کەس لە ماڵی خۆیەوە کارەکانی بکات، بەتایبەت ئەو کارانەی بە ئۆنلاین بوون، هەندێ لە لادێ دوورەکان کێشەی خەتیان هەبوو ، کە ئەم دیاردەیە لە کوردستانیش ڕوویدا کاتێک بڕیاردرا لەو ماوەدا خوێندن نەوەستێت، بە ئۆنلاین درێژەی پێبدرێت بەڵام لە زۆر لە لادێکان یان خەتیان نەبوو یان گەر هەشبووبێت زۆر خراپبوو دەپچڕا، ئەمە وایکرد کارەکان بوەستێت.

### ١/٢/١/٣/بەربەستە کلتورییەکان: Cultural Barriers

مەرجە پرۆسەی پەیوەندیکردن پابەندی بنەما کلتوری و کۆمەڵایەتییەکانی قسەکەر و گوێگربێت، چونکە پرۆسەی پەیوەندیکردن سەرکەوتوونابێت ئەگەر پەیوەست بە دەورو بەرەوە نەبێت ، بنەما کلتوری و کۆمەڵایەتییەکانی قسەکەر و گوێگر وەک یەکنەبێت یان زانیاری لە پێشینەیان بەرانبەر یەکنەبێت، ئەوا دەبێتە بەربەست و تێنەگەیشتن دروستدەبێت و هیچ پەیوەندییەک نایەتە ئاراوە(عەبدوڵا،٢٠١٥،٣٦).

(لی شاروون) دەڵێت:(شارەزایی و زانینی زمانێکی جیاواز لە زمانی دایک لەلایەن تاکەکانەوە، مەرج نییە ئاشنابوون ولێهاتووی تەواوی هەبێت لە کلتوری ئەو زمانەدا)(Lee,2003,7).واتە مەرج نییە گەر کەسێک زمانێکی زانی تەواو کلتورەکەشیان شارەزابێت ئەمە دەبێتە هۆکاری درووستبوونی بەربەست و تێنەگەیشتن. لەمەوە دەڵێن کلتور چییە؟ کلتور بریتییە: لە ڕەفتاری هاوبەش، نەریت، بیروباوەڕ، ڕێوڕەسم، یاسا، بیرۆکەکان، شێوازەکانی بیرکردنەوە، هونەر، ئامراز، دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان، باوەڕە ئایینیەکان، ئەفسانەکان، زانین و بەهاکان، چەمکی خود، ڕەوشت، ئایدیاڵ و شێوازی قبوڵکراوی هەڵسوکەوت. ئێمە دەژین، کاردەکەین، بیر دەکەینەوە و بە شێوازی جیاواز هەڵسوکەوت دەکەین، ئەم کردارانە ڕێگایەکی تایبەتن کە ناسنامەیەکمان پێ دەبەخشن، ئەمانە شێوازی کلتوری ئێمەن و ناسنامەی کلتوریمان پێ دەبەخشن، کەواتە بەربەستی کلتوری بریتییە لە تێنەگەیشتنی کۆمەڵایەتیی هاوبەش لەگەڵ مانا و کردار، جیاوازی لە گفتوگۆ و خوێندنەوە و شێوە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندی دەتوانێت جیاوازی لە نێوان کلتورە جیاوازەکاندا دروستبکات. ئەو کەسانەی کە لە کلتور و سەردەمی مێژوویی جیاوازدا دەژین بە شێوەیەکی جیاواز پەیوەندی دەکەن و شێوازی بیرکردنەوەی جیاوازیان هەیە، بەربەستی کلتوری لە پەیوەندیدا بە شێوەیەکی سەرەکی کاتێک ڕوودەدات، کە پەیوەندی لەنێوان دوو پێشینەی زانیاری کلتوری جیاوازدا ڕوودەدات، کاتێک شارەزای پێشینەیی مێژووی و شێوازی تایبەتی ژیان و بۆچوونیان نین.

### ١/٢/١/٤/بەربەستە دەروونییەکان: Psychological Barriers

پەیوەستە بە باری دەروونی قسەکەر و گوێگرەوە، لەبەرئەوەی هەر جۆرە گۆڕانێک لەباری دەروونی قسەکەر و گوێگر دەبێتە هۆی دروستکردنی کاریگەری نەرێنی بۆ سەر پرۆسەی پەیوەندیکردن و بەربەست دروستدەبێت و هیچ جۆرە پەیوەندییەک دروستنابێت (عەبدوڵا،٢٠١٥،٣٣).

کەواتە کاتێک کاریگەری پەیوەندیەک بەهۆی دۆخی دەروونی قسەکەر و گوێگرەوە تەگەرەی تێدەکەوێت، دەتوانرێت بە بەربەستی دەروونی ناوببرێت، مرۆڤ هەست و سۆزی ئاڵۆزی جۆراوجۆری هەیە، وەک: ( تورەیی، خەمۆکی و سترێس، دۆخی دەروونی و نارێکی دەروونی، خەواڵوو، ماندووبوون، بێزاری، تووڕەیی و هتد)، ئەمانە دەتوانن وەک سەرباز کار بکەن لە کاریگەری پەیوەندیکردن و بەربەستی بۆ دروستبکەن و تێکیبدەن. هۆکارە دەروونییەکانی تر بریتین لە حاڵەتەکانی وەک بەرگری و کەمی بڕوابەخۆبوون ، کاتێک کەسێک بەرگری دەکات، دەیەوێت بیروڕای کەسانی تر بپارێزێت و پەیوەندی بکاتە پرۆسەیەکی یەک لایەنە، لەلایەکی ترەوە کەسێک هەستی لاوازی هەیە خۆی بەدوور دەگرێت لە دەربڕینی بیروبۆچوونەکانی بەو باوەڕەی خۆی گەمژە دەکات، لەبەر ئەوە بەشداری ئەوان لە گفتوگۆکەدا زۆر کەمتر دەبێت. کەواتە بەربەستی دەروونی ئاماژە بە هەر حاڵەتێکی دەروونی دەکات کە کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکە هەیە، جا چ باری دەروونی قسەکەربێت یان باری دەروونی گوێگربێت، کە ئەمەش ئاماژە بە دۆخی ناوخۆیی جۆراوجۆر دەکات کە ڕێگرە لە پەیوەندی، حاڵەتەکانی وەک (کەمتەرخەمی، کەمی خەو، سەرخۆشی، سترێس، نەخۆشی دەروونی،....).

### ٥/١/٢/١/بەربەستە فیسیۆلۆجییەکان: Physiological Barriers

بەربەستە فیسیۆلۆجیەکان کاتێک ڕوودەدەن، کە بەهۆی بارودۆخی جەستەیی(مێشک)ی قسەکەرەوە، نەتوانن زانیاری بە سەرکەوتوویی بگوازرێنەوە یان بەهۆی بارودۆخی جەستەی(مێشک)ی گوێگرەوە نەتوانێت بە باشی پەیامەکە وەربگرێت، حاڵەتی جەستەیی(مێشک) بریتییە لە:( لەدەستدانی بینایی، نەخۆشی دەروونی، نەخۆشی جەستەیی، لاوازی بیستن، تەنانەت کەمئەندامی فێربوون وەک دیسلکسیا، لەدەستدانی یادەوەری، برۆکا و ...هتد). ئەم حاڵەتانە لەوانەیە پەیوەندیکردن بکاتە پرۆسەیەکی قورس(عەبدوڵا،٢٠١٥،٣٦).

### ٦/١/٢/١/بەربەستی هەڵوێست(ڕەفتاری): Attitudinal Barriers

هەر کارێک لە ژیانماندا ئەنجامی بدەین، ئەگەر سادەبێت یان ئاڵۆز، ئەوە زمانی هەڵسوکەوتی مرۆڤە، بەربەستەکانی هەڵوێست لەپەیوەندیدا لەوانەیە بەهۆی ناکۆکی کەسایەتی، خراپی بەڕێوەبردن ،بەرگری لە گۆڕانکاری یان نەبوونی هاندانبێت، کاتێک سروشتی ململانێ هەبوو ئەوا بەربەست دروستدەبێت(Jureddi and Brahmaiah,2016,115). کەواتە هەڵوێست بریتییەلە بونیاتێکی ئاوەزییانە، کە ئاماژە بۆ هەڵسەنگاندنێکی دەروونی و سۆزداری مرۆڤ بۆ شتێک، بۆ کەسێک، ڕووداوێک یان بیرۆکەیەک دەکات و کاریگەری لەسەر چۆنیەتی بیرکردنەوە و هەست و ڕەفتارکردنمان هەیە.

### ٧/١/٢/١/بەربەستی ڕەگەزی: Gender Barriers

بەربەستی ڕەگەزی بۆ پەیوەندی بەهۆی جیاوازییەکانی وەک کارلێک و یاساکانی هەر ڕەگەزێک ڕوودەدات، هەرچەندە ژن و پیاو لە هەمان جیهاندا دەژین، بەڵام زیاتر دەیانەوێت ژیانی هاوتەریبی بژین نەک ژیانێکی تێکەڵ، بابەتی کارلێک لە نێوان ژن و پیاودا زۆر جیاوازە، قسەی پیاوان جەخت دەکاتە سەر زانیاری، کاروباری هەنووکەیی، پێشبڕکێ، دروستکردنی شارەزایی و سووربوون. لە لایەکی ترەوە قسەی ژنان تیشک دەخاتە سەر پێشکەشکردنی پاڵپشتی سۆزداری، پەرەپێدانی متمانە و پەیوەندی، لەبەر ئەوەی هەردوو ڕەگەز جیاوازن لە شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ یەکتردا، ئەمەش وادەکات لەکاتی پەیوەندیکردندا بەربەست دروستبێت (Christiane / Isabel Rink,2024,36 maab).

### ٨/١/٢/١/ بەربەستی کەسی: Personal Barriers

بەربەستی کەسی بۆ پەیوەندی تایبەتمەندی کەسین ڕێگرە لە پەیوەندیکردن بە شێوەیەکی کاریگەر. تایبەتمەندییە کەسییەکان بریتین لە کەسایەتی، شێوازی کۆمەڵایەتی، ئاستی متمانە، جلوبەرگ، هەست، نەزانین و هتد. هەندێک جۆری کەسایەتی زیاتر بیروبۆچوونەکانیان دەربڕن بە بەراورد لەگەڵ جۆرەکانی تری کەسایەتی. بۆ نموونە کەسەکراوەکان کۆمەڵایەتین و بەبێ دوودڵی باسی بیروڕای خۆیان دەکەن، لەلایەکی ترەوە گۆشەگیرەکان پێیان باشترە بیرۆکەکانیان بۆ خۆیان بهێڵنەوە وەک لەوەی بیخەنەڕوو. لەبەر ئەوە ئەم جیاوازییە کەسایەتییانە دەتوانن وەک بەربەستێک کار بکەن لەبەردەم ئەنجامدانی پەیوەندی کاریگەر. (Christiane maab / Isabel Rink,2024,36).

### ١/٢ زانستی درکپێکردن: Cognitive Science

بەربەستە کۆمەڵایەتی و زمانەوانییەکان، کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر ئاستی درکپێکردنی زمانی هەیە. تیۆری درکپێکردنی زمانەوانی ئاماژە بەوە دەکات توانای تێگەیشتن و شیکردنەوەی زمان پەیوەستە بە ئەو ئەزموون و زانیارییانەی تاک لە ژینگە زمانی و کۆمەڵایەتییەکەی خۆیدا بەدەستیهێناوە. کاتێک ئەم بەربەستانە دروستدەبن، ئەوا توانای درکپێکردنی زمانی سنووردار دەبێت، چونکە تاک نەتوانیوە ئاستی پێویستی شارەزایی تێگەیشتن بەدەست بهێنێت. لە ڕوانگەیەوە ڕوونکردنەوەیەک دەربارەی تیۆری درکپێکردن دەخەینەڕوو:

زانستی درکپێکردن بریتییە لە ڕێبازێکی فرە ڕەهەند و بەیەکەوە کارکردن، کە پسپۆڕییە جۆراوجۆرەکان وەک: دەروونزانی ، زیرەکی دەستکرد ،فەلسەفە دەمارناسی ،مرۆڤناسی ، کە زانستی زمان و پسپۆڕییەکان کار لەیەکتر دەکەن و پرۆسەکان پەیوەست بە ئاوەز و کردەکانی ئاوەزدا بەڕێوە دەچن، لە ڕامانی ئەم ڕێبازەدا چۆنیەتیی هاتنە ئارای تێگەیشتنی مرۆڤ دەبێت بە خاڵی ناوەندی گرینگیپێدان(نەبی،٢٠١٥،٦). کەواتە زانستی درکپێکردن بە تەنها کار ناکات و دەیەوێت تێگەیشتن لەو بارو دۆخەی هەیە بهێنێتە ئاراوە بە تێکەڵکردن و کارکردنی لەگەڵ زانستەکانی تردا. کەواتە ئامانجی سەرەکی زانستی درکپێکردن "بریتییە لە ڕوونکردنەوەی ئەوەی چۆن مرۆڤ لەڕێگەی توانا گشتییەکانەوە بە جۆرە جیاوازەکانی بیرکردنەوە دەگات و تێگەیشتن لە کارکردنی بۆ چالاکییە کارەکییەکان زۆر گرنگە"(عمر عبدالله،٢٠٢٣،٥). بۆ نموونە :کاتێک دایک منداڵ گەورە دەکات پێویستە لەبارەی سروشتی بیرکردنەوەی منداڵەکەی بزانێت ،بۆ ئەوەی بتوانێت گریان و هاتو هاواری منداڵەکەی جیابکاتەوە، ئەمە ڕێک دەگەڕێتەوەبۆ ئەو کاتەی منداڵ کاتێک ساوایە، قسەکردنی نییەو هەموو شتەکانی بەگریان دەردەبڕێت، دایکەکە لە گریانەکان تێدەگات و دەزانێت کە جۆری گریانەکەی (برسییەتی، ژێری تەڕە ، خەوی دێت، ئازاری هەیە.....هتد)، هۆکاری ئەم تێگەیشتنەش ئەوەیە کە مرۆڤ جگە لە خودی زمان تواناو شارەزایشی لە پەیوەندییەکەدا ڕۆڵدەبینێت. کەواتە بەمشێوەیە "هەر وردبوونەوەیەک لەم کۆزانینە مرۆییە بە تایبەتی کۆزانینی زمانی Knowledge of language دەبێت لە هەر سێ ڕەهەندی (ئاوەز ،زمان ، شارەزایی )ەوە سەرچاوە بگرێت، تەنها زانستیش، کە خاوەنی ڕێبازێکی لێکۆڵینەوەی ئەزموون بەندانەبێت، کە بتوانێت شیکردنەوە بۆ ئەم سروشتەی زمان بکات (زانستی زمانی درکپێکردنە Cognitive linguistics)، کە ئەم زانستە لە زمان ورد دەبێتەوە وەک تێهەڵکێشراوێکی توانا درکپێکردنەکانی تری مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی، کەواتە زانستی زمانی درکپێیکردن لە خودی ئەرکی درکپێردنی زمان دەکۆڵێتەوە (لێکۆڵینەوەی زمان لە خودی ئەرکی درکپێکردندا)، کە تێیدا زاراوەی درکپێکردن (Cognitive) ئاماژە بەڕۆڵی سە رەکی و بەکلایکەرەوەی

دروستە زانیارییە نێوەندییەکان واتە (زمان) دە دات، بەمەبەستی شارەزابوونی مرۆڤ لە چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جیهاندا(واتە واقع)"(قادر،٢٠١٢،٧٨).هەموو ئەمانە پێمان دەڵێت درکپێکردن لێکۆڵینەوە لە زمان بەتەنها نییە بەڵکو لێکۆڵینەوە لە تواناکانی مرۆڤیشە دەربارەی چۆنیە تی ڕوانین و تێگەیشتن لەو دیاردە و بارودوخانەی مرۆڤ ڕۆژانە دەیانبینێت و ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، بۆ نموونە : گفتووگۆی دوو کەس لەسەر شوێنی سەیارەیەک:

٢/ قسەکەری ١/ سەیارەکە لە پێشەوەی بانقەکەیە .

قسەکەری ٢/ سەیارەکە لە پشتەوەی بانقەکەیە.

ئەگەر سەیری ئەم دوو ڕستەیە بکەیت، پێدەچێت دژو پێچەوانەی یەکترن، بەڵام لە ڕاستیدا دروستن و پێچەوانەی یەکدی نین، ئەگەر لە ڕوانگەی قسەکەری (یەک)ەوە لێی وردبینەوە شوێنی سەرنجدانی لەسەیارەکە، خۆی لەبەشی پشتەوەی بانقەکە وەستاوە، واتە بانقەکە دەبێتە ڕێگرو قسەکەر لە ڕوانگەی خۆیەوە شوێنی سەیارەکە دیاری دەکات کە پێشەوەی بانقەکەیە، ئەگەر لە ڕوانگەی قسەکەری (دوو)ەوە لێی وردبینەوە شوێنی سەرنجدانی لەسەیارەکە، خۆی لەبەشی پێشەوەی بانقەکە وەستاوە، واتە بانقەکە دەبێتە ڕێگرو قسەکەر لە ڕوانگەی خۆیەوە شوێنی سەیارەکە دیاری دەکات کە پشتەوەی بانقەکەیە، وەک وتمان ئەم وەڵامە بۆ هەردووکیان ڕاستە چونکە چۆنیەتی سەرنجدانی کەسەکان لە ڕووداوەکان جیاواز دەبێت و هەرکەسەو بە پێ واقع و جیهانبینی خۆی ڕووداوەکان دەبینێت و لە زماندا ڕەنگدەداتەوە، واتە "مرۆڤ چۆن واقیعی بینیوەوە و خوێندوویتییەوەوە تێگەیشتووە، ئاوهاش لە زماندا ڕەنگیداوەتەوە، نەک جیهانی واقیع چۆنە ئاوهاش لە زماندا ڕەنگبداتەوە"( قادر،٢٠١٢،٧٩).

کەواتە دەگەینە ئەو ئەنجامەی "پرۆسەی درکپێکردن لە هەنگاوی یەکەمدا پەیبردنە بە کۆزانیارییە ناوەکی و دەرەکییەکان لە ڕێگەی هەستەوەرەکانی مرۆڤ، ئینجا بە کۆدکردنی لە ئاوەزدا، کەواتە ئاخاوتن یان بەرجەستەکردنی زمان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پرۆسەی درکپێکردندا، ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەر درکپێکردنی تاک لە ڕێگەی زمانەوە بریتین لە: کۆزانیاری، زانست و زانیاری ، ڕۆشنبیری، کلتورو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان"(صالح،٢٠٢٢،٦٩). کەواتە پرۆسەی درککردن لە وەرگرتنی زانیاری لە هەردوو ژینگەی دەرەکی و درککردنی ناوەوە دەست پێدەکات، ئەم زانیارییە لە ڕێگەی سیستەمی هەستکردنی مرۆڤەوە کۆدەکرێتەوە وەک (بینین، بیستن، دەست لێدان، بۆنکردن و تامکردن) و دواتر دەگوازرێتەوە بۆ مێشک بۆ پرۆسێسکردن، لە زانستی درکپێکردندا ئەم قۆناغە بە کۆدکردنی هەستەکان ناودەبرێت. لەو چوارچێوەشدا "مرۆڤ لەڕێگەی پێنج هەستەوەرەکەیەوە لە شتە هەستپێکراوەکانی چواردەوری بە ئاسانی و ڕاستەوخۆ تێدەگات، لە کاتێکدا بە ناڕاستەخۆ لە ڕێگەی هەمان ئەو کەناڵە هەستپێکراوانەوە لە شتە هەستپێنەکراوە هزرییەکان تێدەگات بە ئامانجی نزیکردنەوەی وێنە هزرییەکان و لێکچواندنیان بە وێنە هەستپێکراوەکان لەلای گوێگر"(دزەیی، ٢٠١٤،٥٩). کەواتە لەڕوانگەی ئەم ڕوونکردنانەوە لە زانستی درکپێکردندا گەیشتن بە زانارییەکان لەڕێگەی جەستەوەیە(هەستەوەرەکان)، کە بریتین لە: ( بینین ، بیستن ، بۆنکردن ، تامکردن ،دەستلێدان)، پاش وەرگرتنی زانیارییەکان دەگات بە ئاوەز و هەر لەو کاتەدا ئاوەز شیاندەکاتەوە، زمانیش یەکێکە لەو ئامرازانەی زانیارییەکانی ناو ئاوەز بە چەمک دەکات، ئەمە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە دەڵێن پەیبردن و تێگەیشتن لە زانیارییەکان لای هەر تاکێک جیاوازەو هەریەک بەپێی تێگەیشتنی خۆی شیدەکاتەوە.

## ٢/٢تیۆرییە سەرەکییەکانی زانستی زمانی درکپێکردن: Cognitive Theory

هەموو ئەو ڕوونکردنەوانەی لەسەرەوە دەربارەی درکپێکردن خستمانەڕوو، دەگەینە ئەوەی زانستی زمانی درکپێکردن لەسەر کۆمەڵێک بنەماو پرەنسیپ دامەرزراوە کە دەبنە بنەما بۆ قوتابخانەکەو لە قوتابخانەکانی تری جیا دەکاتەوە،کە ئەوانیش بریتین لەم سێ تیۆرییەی خوارە:

تیۆری یەکەم / (زمان) دامەزراوەیەکی "Facultyدرکپێکراوی ناسەربەخویە.

تیۆری دووەم/ ڕێزمان بریتییە لە سیستەمی بەچەمککردن (Conceptualization ).

تیۆری سێیەم/ کۆزانیاری زمانی "Knowledge of Languageلەبەکارهێنانی زمانەوە هەڵدەگوزرێت و دروستدەبێت. (قادر،٢٠١٢،٨٥).

ئەگەر لەم تیۆرانە وردبینەوە: (تیۆری یەکەم دژی قوتابخانەی بەرهەمهێنان بووە، باوەڕیان وایە زمان دامەزراوەیەکی درکپێکراوی سەربەخویە و بەشیوەیەکی خۆرسکی لە دامەزراوە نازمانییە درکپێکردنە ئاوەزییەکانی تر جیاکراوەتەوە، بەڵام قوتابخانەی درکپێکردن بە هەموو شێوەیەک دژی سەربەخۆ بوونی زمانە و لایانوایە زمان دامەزراوەیەکی (Faculty) درکپێکراوی ناسەربەخۆیە، تیۆری دووەمیش پێچەوانەی تیۆری سەرەکی ڕێبازی (مەرجی ڕاستەقینەی سیمانتیکی یە) ،بەڵام لە قوتابخانەی درکپێکردندا سەبارەت بە چەمکی (واتا) دەڵێن: (واتا) تەنها دیوی دووەمی وشە نییە و لە ئاەزدا هەڵگیرابێت، بەڵکو (واتا) بنەمای داڕشتنی فۆڕمی خودی وشەکەشە، کە مەبەست لە فۆڕمەکەیەتی، واتە (واتا) هەم دیوی دووەمی وشەکەیە ، هەم بنەمای درووستکردنی دیوی یەکەمی وشەکەیە، کە فۆڕم و واتاکەیەتی. تیۆری سێیەم دژی ڕێبازی کارکردنی هەردو ڕێبازی (بەرهەم هێنان و گواستنەوە و مەرجی ڕاستەقینەی سیمانتیکییە)، چونکە لەم ڕوانگەیەوە قوتابخانەی درکپێکردن، لایوایە کۆزانیاری مرۆڤ لەسەر (فۆرم و واتا)زمانییەکان لە بنەڕەتدا دروستەیەکی چەمکییەو نواندنی پێکهاتەکانی (فۆنۆلۆژی ، مۆرفۆلۆژی – سینتاکسی)لە بنەڕەتدا خستنەڕووی چەمکیانەیە ، واتە مرۆڤەکان لە هەریەک لە کەناڵەکان (بینین –بیستن ..)، هاوبەشن ،بەڵام لە وەرگرتن و تێڕوانینەکان جیاوازن، بەهۆی ئەوەی خواستی مرۆڤەکان جیاوازە (واتە وەرگرتن و بەکارهێنان و بەرهەم هێنان )یش جیاوازە)(ئەحمەد،٢٠٢٣، ٥٦-٥٧).

## ٣/٢ زانستی زمانی کۆمەڵایەتی پەیوەندی بە تیۆری درکپێکردنەوە:

زمان یەکێکە لە هێزە کاریگەرەکان لە دارشتنی بیری مرۆڤدا، نەک تەنها ڕەنگدانەوەی ناسینی تاکەکانە بەڵکو هەڵوێستە کولتوورییەکان و پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان و لێهاتووییەکانی پەیوەندیکردن بەرجەستە دەکات، لەم ڕوانگەیەوە دەگوترێت: "زمان دامەزراوەیەکی ئاوەزیی دیاریکراوە و خاوەنەکەشی (کە مرۆڤە)، زیرەکییە ئاوەزییەکەی سنوردارە، بێگومان ئەمەش تەواو بە پێچەوانەوەیە، چونکە نە زمان دامەزراوەیەکی ئاوەزیی سنوردارەو نە خاوەنەکەشی زیرەکییەکەی دیاریکراوە، بگرە بەردەوام بە قووڵی و فراوانی ڕەهەندە زمانییەکان جەختکردنەوەی ڕاستەوخۆن لەسەر بەهرەمەندی مرۆڤ"(قادر،٢٠١٧،٤٢)، کەواتە "زانستی زمانی درکپێکردن باوەڕی وایە کە زمان پەیوەستە بە مرۆڤەوە و لێکدابڕاونین، هەر بۆیە کۆزانیاری زمانی و تێڕامانەکانی مرۆڤ لە زماندا هەڵگیراون و دەتوانرێت لەڕێگەی شارەزاییە کۆکراوەکانی مرۆڤەوە دیاریبکرێت"(ئەحمەد،٢٠٢٣،٦٣). کەواتە دەگەینە ئەوئەنجامەی، کە زمان لە بنەڕەتدا بەئەزموونی مرۆڤەوە پەیوەستە و ناتوانرێت لە قسەکەرەکەی جیابکرێتەوە، واتە پێکهاتەیەکی دەرەکی نییە کە بەسەر بیرکردنەوەدا سەپێنرابێت، بەڵکو سیستەمێکی درکپێکردنی ناوەکییە کە بە تێگەیشتن و کارلێکی جەستەیی لەگەڵ جیهاندا لە قاڵبدراوە. بە گوێرەی تیۆریستەکانی درکپێکردن (Lakoff و Ronald) ئاماژەی پێدەدەن(زمان هەم بەرهەمێکە و هەم ڕەنگدانەوەی چۆنیەتی دارشتنی ئەزموونەکانی مرۆڤە لە واقیعدا)(Lkoff,1987,5)،(Ronald,1987,12). ئەمە بە نموونەیەک ڕووندەکەینەوە کە مرۆڤ چۆن بە زانیارییەکانی ئاوەزی و بەو ژینگەو کلتورەی تێدایە، واتا بۆ وشە و چەمکەکان دادەڕێژێت و کەسەکەش بەپێی لێهاتووی و زانیاری دەربارەی ئەو کلتوورە لێیتێدەگات. کاتێک دەڵێن: (سەگ ،گورگ ، ڕێوی ، پشیلە ، مەڕ...) ئەمانە هەموو ئاژەڵن و لە ئاوەزی هەرتاکێکی کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە و تێدەگات کە زیندەوەرێکن سەر بە پۆلی ئاژەڵ و لە فەرهەنگی ئاوەزیدا مانای هەریەکەیان کێ درندەیەو کێ بێ زیانە روون دیارە، بەڵام لەڕووی کلتورییەوە(کلتوری کوردی) هەندێک لەم ئاژەڵانە هەڵگری مانای ڕەمزی جیاوازن ،بۆ نموونە: ( ڕێوی = زیرەکی یان فێڵبازی ، سەگ= دڵسۆزی یان وەفا ، مەڕ = فەقیر ، مار = وریا یان ژەهراوی ...هتد)ئەم واتایانە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە دیاری کراون نەک لەڕووی بایەلۆژییەوە واتە لە رووی کلتورەوە بنیاتنراون و چەسپاون لە زماندا، بۆ نموونە:

٣/ ا- تۆ سەیر سەیر ئەڵێی مارە ئەجوڵێتەوە.

ب- ئەڵێی ڕێوییە هیچی لەژێر دەست دەرناچێت.

ئەگەر سەیری هەر یەک لەم ڕستانەی سەرەوە بکەین، ئەوا وشەکانی (مار ، مەڕ، ڕێوی)، لەفەرهەنگی ئاوەزیی تاکەکانی کۆمەڵدا، هەریەکەیان ناوی ئاژەڵێکە و لە ژینگەدا هەن لەواتای هەریەکەیان تێدەگەین، بەڵام کە دێینەوە ناو کلتورو کۆمەڵ ئەگەر گوێگر شارەزای کلتورو دەوروبەر و بارودۆخەکە نەبێت قسەکەی تێدا دەکرێت تێگەیشتن نایەتە ئارا، ڕەنگە بەهەڵەش لە و ڕستانە تێبگات، کەواتە ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەوەی زمان، بۆ لێکدانەوەی واتای وشە و ڕستەکان، بەتەنیا ناوەستێتە سەر زانیاریی ئاوەز؛ بەڵکو پێویستی بە شارەزایی دەوروبەر و کلتورو بارودۆخی قسەکردنەکە هەیە. لێرەدا سەیری ڕستەی(ا) دەکەین (مار) خۆی وریایەو زۆر خێرا دەجوڵێتەوە و کاردانەوەی خێرای هەیە بەرامبەر شتەکان، ئەم واتایە لە ناو کلتوردا کە ئەو کەسە زۆر خێراو وریایانە دەجوڵێتەوەو کارەکانی ئەنجام دەدات، جا ئەم واتایە دەوروبەرەکە دەیگۆڕێت کە ئایا ئەم جوڵانەوەیە وەسفکردنەو دەڵێت وریایانە خێرا کارەکان دەکات، یان ئەم جوڵانەوەیەی کارەکان تێکدەدات و بەباشی ئیشەکان ناکات، لە ڕستەی (ب)دا ، (ڕێوی) لە کلتوری ئێمەدا بە واتای (زیرەکی و فێڵبازی )دێت، جا لێرەدا جگە لە ئاوەز و واتا کلتورییەکە، دەوربەر[٢] و بارو دۆخی ئاخاوتنەکە واتای ڕستەکە ڕووندەکاتەوە، کە وەسفی دەکات کە کەسێکی زیرەکە سەری لە هەمووکارێکە، یان ئەوەتا بە خراپ باسی دەکات کە فێڵبازەو هەموو کارەکانی بە فێڵ دەکات و هیچی لەژێر دەست دەرناچێت، لێکدانەوەی واتای وشەکان تەنها ناوەستیتە سەر واتای فەرهەنگیان، بەڵکو پشت بە لێهاتوویی و شارەزایی تاکەکان دەبەستێت دەربارەی کلتورو ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی کە تێدایە هەروەها لایەنە کۆمەڵایەتییەکانیی وەک:( تەمەن و ڕەگەز و پلەوپایە و ئاستی ڕۆشنبیری ...)هەموو ئەمانە دەوریان هەیە لە لێکدانەوەی واتادا، کەواتە لە ڕوانگەیەوە دەڵێن: "کۆ زانیاری زمانی کەسێک لەگەڵ کەسێکی تر جیاوازە و پەیپێبردنەکانی مرۆڤیش بە پێی شارەزاییەکانی و گرینگییپێدانەکانی لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی ترو لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت و بەردەوام لە گۆڕاندایە، بەراوردکردن و پێوانەکردنیشی بە ئەزموون و شارەزایی کە ئەو کەسە بەندە، تا کۆزانیاری کەم بێت زانینیش لاواز دەبێت، کەواتە شارەزای بنەمایە بۆ کۆزانیاری"(ئەحمەد ،٢٠٢٣،٦٥).

لەڕوانگەی ئەو ڕوونکردنەوانەی سەرەوە دەگەینە ئەوەی کە درکپێکردنەکان دەکەوێتە سەر سەلیقەو شارەزای تاکەکان لە کۆمەڵدا، واتە باشی لایەنی کۆمەڵایەتی تاک لە ناو کۆمەڵدا دەبێتە هۆی فراوانبوونی هزرو گەشەدانی بەزمانەکەی، تاکەکان هەریەکەیان لەڕوانگەی

---

[٢] - دەوروبەرو جۆرەکانی: قوتابخانەی کۆمەڵایەتی جەختیکردۆتەوە لە ڕۆڵی دەوروبەر لە دیاریکردنی واتادا،واتە وشە (واتا)کەی لە میانی دەوروبەردا ڕووندەبێتەوە،بۆ یەکەم جار (فێرس) دەوروبەری بۆ دووجۆر دابەشکردووە:١- دەوروبەری زمانی: بە گوێرەی دەوروبەری زمانی وشە واتاکەی لە ڕەگەزە زمانییەکان وەردەگرێ٢.-دەوروبەری نازمانی: ئەو بارودۆخ و هەڵوێستانە دەگرێتەوە کە ئاخاوتنەکەی تیا وتراوە. ( السعران،١٩٦٢،٣١١). بۆڕوونکردنەوەو زانیاری زیاتر دەربارەی دەوروبەرو جۆرەکانی بڕوانە :١-(بەدرخان سلیمان عەلی،٢٠١٥ ، لاپەرە٢١ هەتا ٢٨).٢-(شلێر ڕەشید عەبدوڵا،٢٠١٥، لاپەڕە ٣٧هەتا ٤٩).٣-شاخەوان جەلال فەرەج،٢٠١١، لاپەڕە ١١٧-١٣١).

درکپێکردنەکانی ئاوەزی خۆیەوە لە وشەو دەستەواژەکان تێدەگات واتایان لێکدەداتەوە، کەواتە هۆکاری دروستبوونی بەربەست لە پەیوەندییەکاندا هەندێکات بۆ لێکدانەوەی ئاخاوتنەکان دەگەڕێتەوە کە هەر تاکێک بە پێی ئەو زانیاریانەی لە ئاوەزیدایە لێکیدەداتەوە.

## ٣/بەربەستی زمانی وبەربەستی کۆزمانەوانی لە ئاخاوتنی کوردیدا:

### ١/٣/بەربەستی زمانی: Language Barriers

زمانی کوردی وەک هەر زمانێکی تری جیهان دەتوانێت ببێتە بەربەست لەبەردەم ئاخێوەرانیدا نەتوانن پەیوەندییەکی دروست ئەنجامبدەن. ئەم بەربەستە دەکرێت ناوەکی یان دەرەکی بێت و کاریگەری لەسەر زمانەکە دابنێ، جونکە"زمانی کوردی هاوشێوەی مێژووی ژیان و بەرەوپێشچوونی ئاخێوەرانی، بەردەوام بەپێی بارودۆخ و کەتوارە نوێیەکانی قۆناغە جیاوازەکان تووشی هەڵبەز و دابەز و گۆڕان هاتووە. لەم ڕێڕەوەشدا زۆر جار هەوراز و نشێوییەکانی بەردەم زمانی کوردی وایان کردووە کە ئاهێک بەبەردەم ئەم زمانەدا بێتەوە، یان بە پێچەوانەوە تا ئاستی فەوتان و لە ناوچوون بردراوە" (مستەفا، ٢٠٢٢، ٤٣٢).

هەرچەندە زمانی کوردی زمانێکی دەوڵەمەندەبەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیی ناوچەکە و لایەنی سیاسی، چەندین زار و شێوەزاری لێبۆتەوە، بەڵام هێشتا نەبووە بە خاوەن زمانی ستاندار، بۆیە هەندێکات ئەم زار و شێوەزارە جیاوازانە دەبنە بەربەست بۆ ئاخێوەران و دەبێتە هۆی لێکتێنەگەشتنیان. دەکرێت هەر ناوچەیەک بەپێی هەڵکەوتەی جوگرافیی خۆی واتا بۆ وشەکان دابنێت، ئەمەش وادەکات بەربەست دروستبێت و پەیوەندییەکی باش نەیەتە ئاراوە، ڕاستە یاسا ڕێزمانییەکانی هەموویان یەک یاسا و دەستوورە، بەڵام واتای وشەکان و فەرهەنگی زمانی هەر ناوچەیەک دەکرێت جیاوازبێت لە ناوچەیەکی تر. بۆ نموونە، کوردی تورکیا و کوردی سووریا شێوازی ئاخاوتنیان کرمانجی ژووروە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر باش ناتوانن لەیەکتر تێبگەن چونکە هەریەکەیان شێوەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە. کەواتە یەکێک لە بەربەستە گرنگەکانی زمان بۆ ئاخێوەران دروستبوونی ئەو هەموو زار و شێوەزارانەیە کە لەناو زمانەکەدا دروست دەبێت.

یەکێکیتر لە بەربەستە زمانییەکان نەخۆشکەوتنی ئەندامەکانی ئاخاوتنە، جا زگماکی بێت یان بەهۆی ڕووداو یان هەر بارودۆخێکەوە زیان بە یەکێک لەو ئەندامانە بکەوێت دەبێتە بەربەست، چونکە ناتوانرێت بە شێوەیەکی تەواو و باش دەنگەکان یان وشەکان یان یاسا ڕێزمانییەکان دەربڕێت و تێگەیشتن بێتە ئاراوە، هەروەها لایەنی دەروونی و نەخۆشییەکان بەربەستێکی ترن بۆ زمانی ئاخێوەر دروستدەبن و نایەڵن دەنگ و وشەکان و یاساکان بە شێوەیەکی ڕێک دەربڕدرێن و دەبنە بەربەست لەبەردەم پەیوەندییەکەدا. بەربەستەکانی زمان لە چوار ئاستی جیاوازدا دەردەکەون کە یەکەمیان ئاستی دەنگسازی(فۆنۆلۆجی) کە پەیوەندی بە جیاوازیی دەنگەکان و شێوەی دەربڕینیان هەیە، وەک جیاوازی زار و شێوەزارەکان، کە دەبێتە هۆی تێنەگەیشتن لە نێوان قسەکەر و گوێگردا. دووەمیان ئاستی وشەسازی(مۆرفۆلۆجی)یە بەربەست لە جیاوازیی شێوەسازیی وشەکان و پاشگر و پێشگرەکانەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەر وێستگەیەک ڕێسا و یاساکانی خۆی هەیە. سێیەمیان ئاستی ڕستەسازی (سینتاکس)یە کە تێیدا بەربەست لە جیاوازی ڕێکخستنی وشەکان لە ڕستەدا و ڕێسا ڕێزمانییەکانەوە دروست دەبێت کە دەکرێت هەمان واتا بە چەندین شێوەی جیاواز دەربڕدرێت. چوارەمیان ئاستی واتاسازی (سیمانتیک)یە کە گرنگترین ئاستە چونکە بەربەست لە جیاوازیی تێگەیشتن لە واتای وشە و دەربڕینەکان(دەق) و کاریگەری دەوروبەر و کلتور لەسەر لێکدانەوەی پەیامەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەمەش ئەو ئاستەیە کە زۆرترین کاریگەری لەسەر سەرکەوتن یان شکستی پەیوەندیی زمانی هەیە.

### ٢/٣کۆزمانەوانی Sociolinguisics(زانستی زمانی کۆمەڵایەتی):

زمان وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و یەکێك لە پێکهێنەرەکانی ڕۆشنبیری هەر لەسەرتاوە تا ڕادەیەکی زۆر گرنگیی پێدراوە و سە ربەخۆ بووە تا ئەو کاتەی وەك زانستێکی سە ربەخۆ لە ناو زانستی زمانی گشتیدا هاتەکایەوە و بە زاراوەی زانستی زمانی کومەڵایەتی( کۆزمانەوانی "علم اللغة الاجتماعي" / Sociolinguistics ) ئاماژە ی بۆکرا. کۆزمانەوانی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە هەردوو زانستی کۆمەڵناسی و زمانەوانییەوە هەیە، کە هەر یەکێک لەو زانستانە لە لایەن (دۆرکایم) و (سۆسێر)ەوە بە زانستێکی سەربەخۆ ناسێنران، لێکۆڵینەوەکانی پێشتر لەبارەی سیستەمەکانی ناو زمانەوەبوون، بەڵام سۆسێر زیاتر گرنگی بە پەیوەندییەکانی زمان بەدەرەوەی خۆیدا، لەوانەش پەیوەندی زمان بە کۆمەڵەوە(موحسین،٢٠٠٨،١١٣)، کەواتە کۆزمانەوانی گرنگی بە زمان دەدات لەڕوانگەی کۆمەڵەوە، واتە لێکۆڵینەوەکانی زمان لە خودی زمان بەتەنها دەرچووەوە لەڕێگەی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانەوە لێیدەکۆڵرێتەوە، کەواتە لە ڕوانگەی کۆزمانەوانییەوە زمان :"بریتییە لە هەڵبژاردنی ڕەفتارێک لە نێوان سەدان ڕەفتاردا، کە لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدان بەپێی باری کۆمەڵایەتی یان بۆنەی قسەکردن هەڵیاندەبژێرێت"(عمر و حمەئەمین،٢٠٠٧،٢٨)، لەم پێناسەیەوە دەدردەکەوێت زمان لە ژێر دەسەڵات و ئاوەزی مرۆڤدایە و مرۆڤ بە پێی ئەو بارە کۆمەڵایەتیەو پێویستییەی هەیەتی زمان بەکاردەهێنێت و ژیانی پێبەرێدەکات، لەم ڕوونکردنەوانەوە دەگەینە ئەم ئەنجامە کۆزماونەوانی(زمانەوانیی کۆمەڵایەتی) لە یەکتربڕیی کۆمەڵناسی (لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵ) و زمانەوانی (لێکۆڵینەوە لە زمان) سەرییهەڵدا.

### ٣/٢/٣/بەربەستی کۆزمانەوانی: Sociolinguisics Barrier

زمان تەنیا سیستەمێکی پەیوەندیکردن نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی ئەوکۆمەڵگایە، کە قسەی تێدا دەکرێت، ئەمەش بەو مانەیەیە کە زمان تەنها یارمەتی مرۆڤەکان نادات بۆ قسەکردن لەگەڵ یەکتر، بەڵکو ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە لە چ کۆمەڵگایەکدا دەژین، شێوازی قسەکردنیان، و ئەوەی هەڵیدەبژێرن بۆ قسەکردن ، دەبێتە هۆی پیشاندانی کلتورو بیرو باوەڕو نەریتی کۆمەڵایەتیی ئاخێوەر، بۆیە دەڵێن: "زمان ناسنامەی کۆمەڵایەتی قسەکەر دیاریدەکات، هەر بەهۆی قسەوە دەتوانین بڕیاربدەین، قسەکەر خەڵکی کوێیە، لە چ بارێکی دەروونیدا

دەژی..، سەر بە چ چینێکەو ڕادەی خوێندەواری چەندە"(حمەغریب،٢٠٢٣،٤). کەواتە لەگەڵ ئەوەی زمان دەبێتە هۆی بەڕێوەچوونی ئاخاوتنەکان، لەهەمانکاتیشدا کارێکی گرنگیتر ئەنجام دەدات، کەناساندنی قسەکەر بۆیە هەمووان کۆکن لەسەر ئەوەی زمان بە ناسنامەی کەسی دابنرێت، چونکە "زانایانی کۆمەڵناس و زمانەوانی کۆمەڵایەتیش لەوەدا هاوڕان، کە هیچ دوو تاکێک خاوەن هەمان تایبەتمەندیی زمانی نین و هاوتانین، تەنانەت ئەگەر دوانەیش بن ولە هەمان بارودۆخی کۆمەڵایەتی و زمانیشدا پەروەردەبووبن، بەو پێیەی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان جیاوازن، بارو دۆخ و هەڵسوکەوتە زمانییەکانیش جیاواز دەبن، ئەمەش وادەکات چەمکی جۆراوجۆریی زمانی لە هەر کۆمەڵگەیەکی زمانیدا بەدیدەکرێت"(حمەغریب،٢٠٢٣،٤).کەواتە بەمە ڕووندەبێتەوە زمان تەواو ناسنامەی کەسییەو تایبەتە بەو ئاخێوەرە خۆیەوە، هیچ کات دووکەس شێوازی قسەکردنیان وەک یەک نابێت، ناتوانن لە قسەکردندا هەمان دەستەواژەو دەربڕاو دەربڕن، بۆنموونە دووکەس داوای مۆڵەت لە بەڕێوەبەرەکەیان دەکەن بەم شێوەیە:

٤/ ئاخێوەری یەکەم: سڵاو، بەیانی مۆڵەتم دەوێت، کارێکی گرنگم هەیە و نایەم بۆ دەوام.

ئاخێوەری دووەم: بەیانیت باش ،بەڕێوەبەری بەڕێز کاتت هەیە چەند دەقەیەک لەکاتان بگرم ، ئەگەر بۆ بەڕێزتان ئەرک نەبێت هاوکاریم بکەیت، سبەی پێویستم بە مۆڵەتە، سوپاس بۆ یارمەتیدانتان.

کاتێک سەیری ئەم دوو ئاخاوتنە دەکەین بەتەواوی دەردەکەوێت کە هەریەکەیان شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەیە و لەیەکتر ناچن و هەریەکەیان دەرخەری ئەو ژینگەو لایەنە کۆمەڵایەتیەی خۆیەتی کە تێدایە، کەواتە ئەمە بۆمان ڕووندەکاتەوە، کە " کۆمەڵگاکان هەمەچەشنەن و هەر کۆمەڵگایەک لە چەند چین و توێژێک پێکهاتووە، هەر چینێکیش زمانێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە خۆی لە فەرهەنگی وشە و داڕشتنی دروستەو پێکهاتەی ڕستەکانیدا دەنوێنێت، لەم ڕێیەوە، کە زمانی ئاخاوتنی چینێک لە زمانی ئاخاوتنی چینێکیتر جیاوازە. جیاوازی لە زاراوەکانیدا ڕەنگە هێندە گەورەبیت، کە قسەکەرانی چینێک گەلێکجار لە زاراوەو بەکارهێنانی زاراوەکانی چینێکی یان چەند چینێکی تر نەگەن و پرۆسەی گفتوگۆکردن و لە یەکگەیشتن لە نێوانیاندا سەرکەوتوو نەبێت'(مەحوی،٢٠٠،٧)، لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە کۆمەڵگاکان هەمەچەشنەن و هەموو جۆرە چین و توێژێک لەخۆبگرێت ، کەواتە دەکرێت هەر چین و توێژێک زاراوە و دەربڕینی تایبەت بەخۆیان هەبێت و لەهەندێ وشەو دەستەواژەی یەکتر تێنەگەن، کە ئەم جیاوازییە لەناو تاکەکانی کۆمەڵێکدا دروست بیت کەواتە دەکرێت بەربەستیش دروستبێت بەهۆکاری ئەوەی هەر گۆڕانیک لە بارودۆخی تاککدا ڕوویدات، وەک (پلەی کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیری و...) ئەوانە ڕەنگدانەوەی لەدەربڕینەکانیاندا دەبێت  و دەکرێت گویگر لەو شێواز و ئاخاوتنە تێنەگات یان هەندێکات بەبێ ڕێزی و بەنامۆ لەو دەربڕاوانە تێبگات و ئەمە دەبێتە بەربەستێک لەبەردەم پەیوەندییەکەدا و بە ئەنجام ناگەیەنرێت، وەک چۆن لایەنی زمان دەبووە بەربەست و ڕێگری لە ئاخاوتنێکی گونجاو دەکرد، بەهەمان شێوەش لایەنی کۆزمانەوانی (زانستی زمانی کۆمەڵایەتی) کاریگەریی تەواوی لەسەر پەیوەندییەکان هەیە وبەربەست بۆ ئاخاوتنەکان دروست دەکەن، هەندێکات بەربەستەکان هێندە زۆر دەبن سەردەکیشێت بۆ ئاژاوە و کێشەی گەورە، کەواتە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان یان نازمانییەکانیش هۆکاری گرنگن بۆ تێکچوونی پەیوەندییەکانمان کە بریتین لە:( تەمەن، توخم، پیشە، پلەو پایەی کۆمەڵایەتی...هتد)، کە لە کلتوری کوردیدا سەرتاپای پەیوەندیی نێوان تاکەکان دەبێت لە سەر بنەمای ڕێزگرتن لە بەرامبەر بێت و لە یاسا کۆمەڵایەتییەکان لانەدات، دەبێت تاکی قسەکەر ڕەچاوی ئاست وتەمەن و توخمی گوێگر بکات، ئەگەر ڕەچاوی ئەم یاسایانە نەکات، ئەوا بەربەست دروستدەبێت  و گرفت بۆ پەیوەندییەکان دێتە ئاراوە، دروستبوونی ئەم بەربەستانە و ڕێژەی زۆری و کەمی بەربەستەکە بە پێی (کەس و شوێن و کات و بابەت) دەگۆڕێت، واتە دروستبوونی بەربەست لە ئاخاوتندا دەکەوێتە سەر ئەو کاتە و ئەو کەسە و ئەو ژینگەی کە ئاخاوتنەکەی تێدا ڕوودەدات، واتە کاتێک لە ئاخاوتنێکدا بەربەستێک دروست دەبێت مەرج نییە ئەم بەربەستە لە هەموو کات و لای هەموو کەس هەر بەبەربەست هەژماربکرێت واتە پلە و پایە کۆمەڵایەتییەکە ڕۆڵی گرنگ لە دروستبوونی بەربەستەکەدا دەبینێت. بۆنموونە دووکەس هاوڕێی نزیکن هەندێ وشە لەنێوان خۆیان بەکار دەهینن زۆر لایان ئاساییە و هیچ گرفتێک بۆ پەیوەندییەکەیان دروست ناکات بەڵام ئەگەر کەسێکی تر ئەو وشانەیان پێبڵێت قبوڵ ناکرێت و بە جۆرێکی تر لێکدەدرێتەوە، وەک:

٥/ ئاخێوەری یەکەم : های کەرە گیان کارەکەت تەواوکرد.

ئاخێوەری دووەم : های گێژە گیان  نەوەڵا دەستم بۆ نەبردووە.

ئاخێوەری یەکەم: دیسان پاتاڵیت کرد ، ئەگینا زوو تەواو دەبوویت.

لەم ڕستانەی سەرەوە سەیری ئەم وشانە بکەین ( کەر، گێژ، پاتاڵ) خۆیان لە خۆیاندا وشەی باش نین و تابوون بەڵام هاوڕێیەتی و پەیوەندییە نزیکەکەی نێوانیان وەک دەربڕاوی دڵسۆزی دەردەکەون و ئاوازی دەربڕینیشیان ئاساییە و دوورە لە توڕەبوون و هاوارکردن، بەڵام گەر ئەم وشانە کەسێک لەدەرەوەی پەیوەندییەکەیان بەرامبەر ئاخیوەری دووەم بیڵێت دەبێتە بەربەست و نەک ئاخوتنەکە بە ئەنجام ناگات، بەڵکو دەبێتە کێشەش لە نێوانیاندا.

بەربەستە کۆزمانەوانییەکان بریتین لە:

## ١/٣/٣/بەربەستی کۆزمانەوانی تەمەن:Sociolinguisics Barrier  of Age

تەمەن هۆکارێکی گرنگە کاریگەری لەسەر گەشەکردن و بەکارهێنان و گۆڕانکاریی زمان هەیە، لە سەرەتای منداڵییەوە تا تەمەنی پیری، تاکەکان گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە توانای زمانی ئەزموون دەکەن، لە سەرەتای منداڵیدا، فێربوونی زمان خێرا دەبێت، بەهۆی گەشەی دەمار و کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە ئاسانکاری بۆ دەکرێت، لەگەڵ زیادبوونی تەمەنی تاکەکان، وەرگرتن و فێربوونی وشەش زیاتردەبێت، بەڵام هەندێک

لایەنی پرۆسێسی زمان وەک وەرگرتنەوەی وشەیی و بیرەوەریی کارکردن ڕەنگە کەم ببێتەوە، ڕەنگە گەورەساڵانی بەتەمەن ڕووبەڕووی کێشە ببنەوە لە بیرهێنانەوەی خێرای وشە، داڕشتنی ڕستە و پرۆسێسکردنی ڕستەسازیی ئاڵۆز، بە تایبەت لە ژێر باری هزریدا، کەواتە " یەکێک لەو هۆکارە کۆمەڵایەتییانەی کاریگەری لەسەر گۆڕانی زمان هەیە بریتییەلە تەمەن. زمان بە تێپەڕبوونی تەمەن دەگۆڕێت، چونکە مرۆڤ تاکو بچێتە تەمەنەوە زانست و زانیاریی زیاتر دەبێت بیرکردنەوەی فراوان دەبێت، لە ئەنجامدا پێویستی بە دەربڕین و وشەی نوێ دەبێت"(کەلهوری،٢٠٢٤،٣٠١)، کە تەمەن هێندە کاریگەریی لەسەر زمان هەبێت و تەمەنی کەم و تەمەنی زۆر جیاوازی لە قسەکردن دروستبکات، هەر خودی ئەم جیاوازییە دەتوانێت ببێتە بەربەست بۆ ئاخاوتن.

تەمەن دەبێتە بەربەستێک لەبەردەم قسەکردندا کاتێک جیاوازی نەوەکان ناتەبای پەیوەندیکردن دروست دەکات، چونکە" هەموو کەس هەست بەوە دەکات هەرە پیرەکان، وەکو هەرە گەنجەکان قسەناکەن و بۆشاییەکی زمانی لە نێوان نەوەکاندا هەیە"(فتاح،٢٠١١،١٠٧)، بۆ نموونە: قسەکەرانی بەتەمەن دەتوانن وشەی کۆن یان دەربڕینی فەرمی بەکاربهێنن کە نەوە گەنجەکان بە نامۆ یان ناپەیوەندیدار دەزانن، بە پێچەوانەوە، ڕەنگە تاکی گەنج زمانی زبر، زمانی دیجیتاڵی، یان ئیدیۆمی مۆدێرن وەربگرن، کە بۆ گوێگرانی بەتەمەن نامۆن و تێناگەن، یان بەتەمەن تا ئاستێکی بەرز ڕەچاوی ڕێز دەکات لە قسەکاندا و زۆر دەربڕاو بە تابوو هەژمار دەکات و بەکارهێنانی بە بێڕێزی وبە لادان لە یاساو ڕێسا دادەنێت، لە کاتێکدا ئەمە لە ناو نەوەی نوێدا تا ڕادەیەک ئاساییە و ئەم ڕەفتارەی بەتەمەنەکان بە وشک و دواکەوتوو دادەنێت، ئەم بۆشاییانە لە شێواز و تێگەیشتنی زمانەوانیدا دەتوانن ببنە هۆی پەیوەندی هەڵە، کەمبوونەوەی متمانە بە قسەکردن، یان تەنانەت دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی، جگە لەوەش، پیربوونی جەستەیی دەتوانێت ئاستەنگەکانی پەیوەست بە قسەکردن وەک لەدەستدانی بیستن، کەمبوونەوەی کۆنترۆڵی جووڵەیی، یان بارودۆخی دەمارەکان بخاتە ڕوو، کە دەتوانێت زیاتر ڕێگری لە پەیوەندییەکی ڕەوان بکات و بەربەستە زمانەوانییەکان زیاد بکات. کەواتە دروستبوونی بەربەست بەهۆی تەمەنەوە ژینگەو بارودۆخە کۆمەڵایەتتیەکە دروستی دەکات ، گەنجانی ئەم سەردەمە وشەی تازەو زۆر نوێ بەکاردەهێنن بەهۆی پێشکەوتنی ژیان و هاتنە ناوەی داهێنانی تازە، وەك: ( کۆمێنت، زۆر پرۆیە(واتای پرۆفیشناڵ و بلیمەت)، سێلفی، تایم(کات)، مۆڵ، کراش(دڵ بۆ لێدان)، نێت(ئینتەرنێت)، هایپ(زۆر گرنگ)، ترێند(باو)، سووپەر(زۆر باش)، سکرین شوت، KFC، پیتزا،...هتد)چەندین وشەی تری نوێباو، ڕەنگە بەزەحمەت کەسانی بەتەمەن بتوانن لێی تێبگەن یان هەر تێینەگەن، کە بەهەمان شێوە کەسانی بەتەمەنیش کۆمەڵێ وشە و دەستەواژەی کۆن بەکاردێنن کە گەنجان لێی تێناگەن و ناشیانەوێت بەهیچ جۆرێک لێی تێبگەن، وەک:(بیلامەعنا، دیزە، ڕووسوربیت، هەشبەسەرت، قورمساغ، گەلۆر،ئەسکەلە، دۆکولیو، شەن وکەو ،.....هتد)،بەهۆی کەم بەکارهێنانیان وردە وردە کاڵدەبنەوە لەناو گەنجانداو وادەکات ببنە بەربەست لە ئاخاوتنەکاندا بەهۆی تێنەگەیشتنیان.

٦/ -ئاخێوەری یەکەم(باپیرە): ئەمە چییە ئەم قژە درێژەت بەرداوەتەوە ئەڵێ ئافرەتی، شەرمت بەخۆ نایەت.

ئاخێوەی دووەم (کوڕەزا): باپیرە ئەوە ژیانی خۆمە پێویست ناکات ، کەس کۆمێنتی لەسەر بات، پاشان قژ هەڤ چییە بەسەر پیاو و ئافرەتەوە ، ئەوە خولییای منە.

باپیرە: چ چ چ چ (دەربڕینی ئاوازی تووڕەیی) چ ڕۆگارێک تێکەوتووین، جوابیشم دەداتەوەو جنێوێش دەدات،مناڵی ئێستا بۆ وا بێتەربێتن هەرنازانن لەگەڵ گەوران بەجوانی قسەبکەن .

لێرە ئاخاوتنێکی ئاسایی بەربەستی بۆ درووست بوو بەهۆکاری جیاوازی تەمەن لێکتێنەگەیشتن ڕوویداو بە تووڕەبوونی هەردوولا ئاخاوتنەکە دا دەخرێت، یان گەر بەردەوام بێت کێشەی گەورە دروست دەبێت، چونکە باپیرە ئێستاش بە پیاو سالاری کۆن دەڕوات کە کەس قسەی نەکردووە لە قسەی گەورەو بەتەمەنەکاندا، قسە هەر قسەی ئەوان بووە و هیچ کات چاوەڕێی وەڵامیان نەکردووە و یەکسەر بە بەسەرچاو و بەڵێ قسەکە یان کارەکەیان بە گوێ کراوە، پاشان ئەوان حەز و خولیایان لا گرنگ نەبووە لایان پیاوبوون هەبوونی ڕێش و سمێل و قژێکی کورت و ڕێک بووە، ئەم شتانەی ئەم لەنەوەکەیدا دەیبینێت زۆر نەرمەو بە خووی ئافرەتی دەزانێت(لە کلتوری کوردیدا لە کۆنەوە تا ئێستا قژی درێژ هەر بۆ ئافرەت بووە بۆیە وای پێدەڵێت)، ئەوان دەستیان لە هەموو ژیانی نەوەو ماڵ و مناڵیان بووە بۆیە بەم وەڵامەی نەوەکەی تورە دەبێت و بە بێڕێزی سەیر دەکات، پاشان وشەی (کۆمێنت ) بۆ سەردەمی ئەو نابێت و لێی تێناگات، بۆیە دەڵێت وەڵامم دەدەیتەوەو جوێنیش دەدەیت، وەڵامەکە بۆ باپیرە بوو بە بەربەست و بەهەڵە لە ئاخاوتنەکە تیگەیشت، بۆ نەوەکەشی بەهەمان شێوە بەربەست درووستبوو، کە وشەکانی باپیرەی بە بێڕێزی سەیرکرد وباپیرە بە ئافرەتی چواند ، بۆ سەردەمی نەوەکەی هەم قژی و هەم وەڵامەکەشی ئاساییەو بە بێڕێزیشی نازانیت، لەسەردەمی ئەودا ژیان هی خودی کەسەکە خۆیەتی مادام ئەم کارەکەشی نابەجێ نییە، بەلای خۆیەوە بەزیادەی دەزانێت کەسێک قسە لەسەر ژیانی وبەتایبەت ڕەگەزەکەی بکات، وشەی کۆمێنتیش بۆ نەوەکەی ئاساییە لە ژینگەی ئێستای ئەودا هەر ئەم جۆرە وشانە بەکاردیت، کە بە بۆ بەتەمەنەکان نامۆیە، ڕەنگە گەر گفتووگۆکە زیاتر بەردەوام بێت بۆ بەرگریکردن لەخۆی وشەی زبر بەرامبەر باپیرەی بەکاربهێنێت.

بەجۆرێکی تر تەمەن بەربەست لەبەردەم ئاخاوتنەکاندا دروستدەکات، ئەویش بابەتی( تەمەنی زمانی) واتە هەر تەمەنە و شێوازی خۆی هەیە (منداڵ ،مندالی، هەرزەکاری، هەراش )، هەریەکەیان شێوازی قسەکردنی خۆی هەیە و لەنێوان ئەم جۆرانەدا ئاڵوگۆڕ ناکرێت، بۆ نموونە کاتێک منداڵێک بە زمانێکی گەورە قسەبکات، ئەمە جۆرێکە لەبەربەست و بۆ کەسێتیی منداڵەکە باش نییە، یان کەسێکی گەورە بە

شێوەیەکی منداڵانە قسەبکات دیسان بەربەست دروستدەبێت و کەسایەتیی کەسەکە لەکەدار دەبێت و قسەکانی بەهەند وەرناگیرێت و هەندێکات پێی دەوترێت (هەرزەکاری دواکەووتوو)دەبێتە بەربەست لەبەردەم پرۆسەی پەیوەندیکردنەکەدا.

کەواتە لە کۆی ئەم ڕوونکردنەوانە دەگەینە ئەو ئەنجامەی بەرێژەیەک تەمەن بەربەست بۆ پەیوەندییەکانمان دروستدەکات لەگەڵ ئەوەی زۆرکات بێ مەبەست و بەشێوەی ئاسای هەندێ وشە و دەستەواژە لە ئاخاوتنەکاندا بەکار دەهێنین، بەڵام بەهۆکاری جیاوازی زۆری تەمەن و ژینگەی ئەو ژیانەی کەسەکە تەمەنی تیا بەسەربردووە، تێنەگەیشتن یان ناڕوونی وشەکە و مەبەستەکەی پشتی دەبێتە بەربەست لەبەردەم ئاخاوتنەکاندا(زۆرکات دەڵێن: مەبەستم ئەوە نەبوو تۆ واتێگەیشتوویت)، زۆربەی کێشەکانی ناو ژینگەی کوردەواریش لەم بابەتەوە سەرهەڵدەدات.

## ٢/٣/٣/ بەربەستی کۆزمانەوانی ڕەگەز: Sociolinguisics Barrier of Gender:

ڕەگەز بە قووڵی کاریگەریی لەسەر چۆنیەتیی بەکارهێنانی زمان و ئەزموونی تاکەکان هەیە، هەر لە تەمەنێکی بچووکەوە، کوڕان و کچان کۆمەڵایەتی دەکرێن بۆ ڕەفتارە زمانیە جیاوازەکان، زۆرجار کچان هاندەدرێن کە بە ئەدەبەوە قسە بکەن، هەستەکانیان دەربڕن و بەدوای کۆدەنگیدا بگەڕێن، لەکاتێکدا ڕەنگە کوڕان فێربکرێن کە لە قسەکردنیاندا جەختکردنەوە، یان هێز یان کێبڕکێکارین، ئەم نەخشانە لە تەمەنی گەورەییدا پەرەدەسەنن بۆ شێوازی پەیوەندیی ڕەگەزی، هەڵبژاردنی وشەسازی، تۆن و فۆرمەکانی گفتوگۆکردن لە قاڵب دەدەن، لە زۆرێک لە کولتوورەکاندا و هەندێکات لەکلتوری کوردیشدا پیاوان بەسەر قسەکردنی فەرمی یان گشتیدا زاڵدەبن، لەکاتێکدا ژنان پەیوەستن بە پەیوەندییە نافەرمی، پاڵپشتییەکان، یان تایبەتەکانەوە، ئەم یاسایانە لە ڕێگەی ڕۆڵی خێزان و پەروەردە و بیروباوەڕی ئاینی یان کولتوورییەوە بەهێزتر دەبن، کەواتە "ڕەگەز بە یەکێک لە فاکتەرە چالاکەکان دادەنرێت بۆ سەرهەڵدانی جیاوازی لە زمانی قسەکردن ، یاخود دروستبوونی مرۆڤایەتی بە دوو ڕەگەزی جیاواز، سەرەتای دروستبوونی جیاوازییەکانی نێوانیانە لە هەموو جۆرە تایبەتییەکدا لەیەک جیاوازن (بایەلۆجی، فسیۆلۆژی، سایکۆلۆژی، سۆسیۆلۆژی..)، تەنانەت لە زمانیشدا، ڕێژەی قسەکردن و جۆر و ژمارەی وشە و شێوازی قسەکردنیش، بۆ نموونە : دەنگی ئافرەت تیژترو بەرزترە لە دەنگی پیاوان هەروەها ئاخاوتنی ئافرەت ڕوونترە لە پیاوان ، بە جۆرێک وشە ڕستەکان جوانتر و بێ کرتاندن دەردەبڕن"(حسێن،٢٠١٦،١١٠)، کەواتە لەڕوانگەی شیکردنەوەی سەرەوە دەگەینە ئەوەی کە جیاوازی لەنێوان توخمی نێرو مێ لە هەموو ڕوویەکەوەیە هەیە ئەم جیاوازییەش تەنها لە ڕووە کۆمەڵایەتیەکدا نابێت بەڵکو دەچێتەوە ناو قسەکردن و تەواو لە زماندا ڕەنگدەداتەوە، کەواتە" هەتا ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ژن و پیاو لە کۆمەڵدا جیاوازتربێت، ڕەفتاری جیاوازیان دەبێت، ئەم ڕەفتارانەش بە زمان دەردەبڕێن، بۆیە لە گەڵیاندا دەربڕینە زمانییەکانیش جیاواز دابن"(محمد،٢٠١٩،٣٣). کەواتە بەهۆکاری ئەوەی دەربڕا و وشە و دەستەواژەکانیان جیاوازە، کەواتە شێوازی قسەکردنیشیان جیاوازە، زمانی قسەکردنی ڕەگەزی مێ، زمانێکە زیاتر هەڵگری چەمکی ڕێزگرتنە، چ بەرانبەر ڕەگەزەکەی خۆی چ بەرانبەر ڕەگەزەکەی بەرانبەری، ئەمەش بەهۆی ئەوەی هەمیشە هەوڵدەدات خۆی بەدوور بگرێت لە دەربڕینی وشە و زاراوەوە ڕستە زبرەکان، واتە توخمی مێ هەمیشە نەرمتر وشەکان دەڵێت تا کەمترین بێزێزی دروست بکات. بۆ نموونە دەڵێت:

٧/ ا- کچەکە ،خراپ نییە، تۆزێ جوانە.

ب- خۆزگە یەکتۆز لوتی بچوک بوایە.

ج- هەندێک دەسکاریی خۆی بکات زۆر جوان دەبێت.

سەیری ئەم ڕستانە بکەیت ، بەجۆرێک دەریدەبڕێت هیچ دڵشکانێکی بەرانبەری پێوەنەبێت ، لە ناو ڕستەکاندا هەست بە دەربڕینی ڕێز دەکەیت، بەڵام توخمی نێر کەمتر ئەم شێوازە ڕێزە بەکاردەهێنێت و ناچێتە وردەکارییەوە ڕاستەخۆ دەڵێت: (بەخوا زۆر ناشرینە)، کەواتە ئەم جیاوازیی دەربڕینانە زۆر کات لە ئاخاوتنەکاندا بەربەستی بۆ دروست دەبێت و ناتوانرێت پەیوەندییەکی دروست بەئەنجام بگەیەنرێت، لە ئاخاوتنەکاندا هەمیشە توخمی نێر بەرەهایی قسە دەکات و کەمتر وشەی شاراوە بەکاردەهێنێت، زۆربەی کات زۆر بە ئاسایی ئەو وشانەش بەکاردەهێنێت کە تابۆن ، بەڵام توخمی مێ بە ڕەهایی قسە ناکات و زۆر دەربڕاوەکانی وەک:(کەم، تارادەیەک، هەندێک...هتد)، بەکاردەهێنێت و هەوڵدەدات بە سنورداری قسەبکات و خۆی لە زۆربەی وشە تابۆکان دەپارێزێت تا کەمترین کێشەو گرفتی بۆ دروستبێت، ئەمەش دەکرێت هۆکارەکەی بەهۆی (نەریتەوە بێت ، شەرم و حەیابێت، متمانە نەکردنبێت بە بەرانبەر، ترسبێت، کەمی متمانە بەخۆبوون بێت)، بەتایبەت لە کلتوری کۆنی کوردیدا ئەمە لە خانماندا بەتەواوی دەبینرا، بەڵام لە ئێستادا ئەم جیاوازییە لەنێوان هەردوو توخمدا کاڵبۆتەوە، بەهۆی تێکەڵاوبوونی هەردوو توخم لە ژینگەی ماڵەوە و دەرەوەشدا، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم گۆڕانکارییانەشدا هێشتا هەر لە گفتووکۆکاندا بەربەست هەیە وهەڵە تێگەیشتن ڕوودەدات، بەڵام بەربەستەکان لەچاو پێشوودا کەمترن، دەکرێت هەر لەبەکارهێنانە ئاساییەکانەوە بەربەستەکان لەنێوان هەردوو توخمدا دروستبن، بەتایبەت توخمی مێ، کە زۆر ورد دەبێتەوە و شیکردنەوە بۆ وشەکان دەکات، یان زۆر قسە هەیە لە کلتوری ئێمەدا بۆ خانمان ڕێگەپێدراونییە بەهەر هۆکارێک بێت دەبێتە بەربەست لەبەردەم ئاخاوتنەکەدا، بۆ نموونە لە کۆمەڵگای کۆنی کوردیدا، کچان ڕێگەیان پێنەدەدرا قسەبکەن یان بۆچوونی خۆیان دەربڕن بەرامبەر گەورەکان یان پیاوان، بە تایبەت لەسەر بابەتەکانی وەک:( سیاسەت، ئایین، یان سێکس...هتد)، تەنانەت لەناو خێزانەکانیشدا ڕێگەیان نەدەدا زۆر قسەبکەن جا ئەمە بەناوی گوێڕایەڵی یان حەیاو ئابڕووەوە بوایە ئەم کارەی بەرامبەر دەکرا، لە بەرامبەر ئەمەدا کوڕان لە ترسی ئەوەی کە وەک لاواز یان "ژن" هەستیان پێنەکرێت، خۆیان لە دەربڕینی لاوازی یان زمانی سۆزداری بەدوور دەگرت و هەندێکات پێیان دەوت تۆپیاویت دەبێت لە

ئاست ژندا بەهێزبیت، بۆیە دەکرێت ئەم جیاوازیانە ئێستاش لە هەندێ شوێن مابێت و دەبنە بەربەست لەنێوان هەردوو توخمدا و ئاخاوتنەکە تێکدەچیت، ئەم بەربەستانە دەبنە هۆی دروستبوونی نایەکسانی، بێدەنگی زۆر، گەشەسەندنی زمانی شێواوی لەسەر بنەمای ڕۆڵی جێندەری نەک توانا(واتە بەهۆی ئەوەی هەندێ وشە دەرنەبڕێت ڕستە و دەربڕینەکانی ناتەواو دەبن ، ئەمە نەک بەهۆی ئەوەی توانای نەبێت و شارەزانەبێت لە وشەکان، بەڵکو بەهۆکاری ڕەگەزەکەی ئەو نابێت هەندێ وشە دەربڕێت)، بۆ نموونە: بابەتەکانی وەک:( سوڕی مانگانە، هەراسانکردن، هاوسەرگیری، سێکس..هتد) وەک تابو مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و توخمی مێ ناتوانێت بە ئاسانی وەدریانببڕێت و لە ئاستیاندا بێدەنگی هەڵدەبژێرن، ئەمەش سنوورەکانی قسەکردنی توخمی نێر بەهێزتر دەکات. بۆ نموونە، لەکاتی کار و شوێنی فەرمیدا، فەرمانبەرێکی پیاو بە فەرمانبەرێکی خانم بڵێت:

٨/ فەرمانبەری پیاو:گوڵەباخ تۆمارەکان ڕێکبخەرەوە.

لەم کاتەدا بەربەست بۆ ئاخاوتنەکە دروست دەبێت، چونکە ئەوە کاتی فەرمییە ناکرێت بە فەرمانبەرێک بووترێت (گوڵەباخ)، هیچ پەیوەندییەکی هاوڕێیەتی و سۆزداری لە نێواندا نییە و ناویشی (گوڵەباخ)نییە، ڕەنگە هیچ مەبەستێکی خراپی نەبێت و وەک نەرم و نیانییەک دەربیبڕێت، یان دەکرێت لە ئاوەزی خۆی وەک تانەیەک بەرانبەری بیڵێت،کە وەک کەسێکی منداڵ قسەی لەگەڵ دەکات و لە هەمانکاتا فەرمانی پێدەکات کە تۆمارەکان ڕێکبخاتەوە، لەگەڵ ئەوەی وشەی (گوڵەباخ) وشەیەکی خراپ نییە، بەڵام بەکارهێنانی بەرامبەر خاتوونێک کە نزیک نەبێت و کاتەکەی هی ئەوە نەبێت و فەرمانیشی لەگەڵدابێت، گرفت دروست دەکات و ڕەنگە کاردانەوەی خراپی لێبکەوێتەوە لەلایەن فەرمانبەرەکەوەو هەڵوێست وەربگرێت و بڵێت :( بەڕێزم جوان قسەبکە، خۆ منداڵ لەبەردەمتدا نییە)، لەم قسە و وەڵامدانەوەدا بەربەست دروستبوو، چونکە کاتێک ئەمیش دەڵێت:(جوان قسەبکە)، گازندەو سەرکۆنەکردنی تێدابێت، واتە نازانێت جوان قسەبکەیت و ڕێز لە وشەکاندا بەکارناهێنیت، کە بەدڵنیاییەوە ، دووبارە فەرمانبەری پیاو وەڵام دەداتەوەوە ، گەردرێژە بکێشێت،وشەی ڕەقتر بەرانبەر یەک بەکاردێنن و لە جێی ئاخاوتنێکی باش کێشە دەکەوێتە نێوانیان و ئاخاوتنەکە تێکدەچێت.

لە زۆرێک لە کۆمەڵگاکاندا، لەوانەش کولتوری کوردی، توخمی نێر هەن کە شێوازی قسەکردن و ئاماژە و ڕەفتارگەلێک دەگرنەبەر کە بە شێوەیەکی نەریتی بە مێینەکانەوە پەیوەستن، ئەم حاڵەتە هیچ نەخۆشییەک یان کێشەیەک نییە، تەنها جۆرێکە لە جیاوازیی مرۆیی کە ڕوودەدات، بەهۆکاری کاریگەری دایک ، خوشک، یان گەورەبوونی لە ژینگەیەکدا ژنی زۆر تێدابووە، یان کەسایەتییەکی نەرم و نیانی هەیە و مەیلی زیاتر بۆ دەربڕینی هەستەکانە بە سۆزەوە، واتە لە توخمی مێ وە نزیکە شێوەی دەربڕینەکانی، ئەویش (بەکارهێنانی دەنگی بەرز، ئاوازی قسەکردنی نەرم، بەکارهێنانی وشەکانی تایبەت بە ئافرەت وەک:( گیان و ئۆی و نازدار گیان و شیرینەکەم، هەروەها نازکردن و خۆ شیرینکردن لەکاتی قسەکردندا)، کە ئەمانە لە ناو کلتوری کوردیدا پێیان دەوترێت (پیاوێکی ژنانە، یان ژنانە ڕەفتار) بە جۆرێک دەبنە بەربەست لە ئاخاوتندا، هەندێکات ئەم دیاردەیە دەبێتە هۆی ئەوەی گاڵتەیان پێبکرێت و ببنە هۆکاری پێکەنین، کاتێک کوڕێکی(٢٠)ساڵان بەمجۆرە بە دەنگێکی ناسک و نەرم دەدوێت:

٩/ کوڕ: پێم باشە ،بچین مێشکمان ئارام بکەین و سەیری فلیمێکی ڕۆمانسی بکەین.

کوڕێکی پیاوانە: دە دانیشە ڕۆڵە، تۆ پیاوی ئەوە چییە ئەم جووڵە و قسە ڕۆمانسیانە

لێرەدا ڕەفتارو هەڵسوکەوتی ناسکە و بۆ ئارامکردنەوەی مێشکی پێویستی بە بابەت و خولیای ئافرەتانەیە، بەڵام هاوڕێکانی ئەمە بە قورس دەزانن و دەبێتە بەربەست و ڕەنگە نەک هەر ئاخاوتنەکە تەواو نەکرێت ڕەنگە هەر بە جێبهێڵرێت و هاوڕێیەتی نەکەن.

هەروەها لە ئێستادا بەهەمان شێوە ئافرەتمان هەیە کە خووی پیاوانیان هەیەو حەز دەکەن وەک پیاوان قسەبکەن ورەفتاربکەن ، وەک لاکۆف لە کتێبی (زمان و شوێنی ژن)، دەڵێت :(زمانی پیاوان تادێت لەلایەن ژنانەوە بەکاردەهێنرێت، ژنان لە خووەکانی خۆیان دووردەکەنەوە و حەز بەڕەفتار و قسەی پیاوان دەکەن، کە ئەو لادانەش کاریگەری لەسەر بەکارهێنانی زمان هەیە، ئەمەش ئەوە پیشان دەدات کە لادانەکان لە شێوازەکانی قسەکردنی ڕەگەزی نەریتی دەتوانرێت بە پرسیارە فراوانەکانی ناسنامە و قبوڵکردنی کۆمەڵایەتی بەسترێتەوە)(lakoff,2004,328).

کەواتە چۆن هەندێ لە پیاوان بەهۆکاری تێکەڵاوی لەگەڵ ژناندا ئەم حاڵەی بۆ دروستدەبێت، بۆ خانمانیش بە هەمان شێوەیە ڕەنگە زۆر مانەوە لە ژینگەی پیاواندا ئەم باروودۆخە بخوڵقێنێت و لەڕەفتار و قسەی خانمان دووربکەوێتەوەو قسەو ڕەفتاری پیاوان هەڵبگرێت، لە کلتوری کوردیدا دەڵێن ( نێرانە ڕەفتار دەکات)، ئەمەش بەهەمان شێوە دەبێتە بەربەست بۆ پەیوەندییەکان بەتایبەت لەگەڵ خانماندا کە هەندێکات ئەم شتی خانمانەی پێ زیادە یان هەر ئەنجامی نادات .وەک:

٩/ کچی ئاسایی: ئازیز گیان بڕۆینە ساڵۆن تۆزێ قژمان ڕێکبخەین؟

کچی نا ئاسایی: دە دانیشە، وەک من ڕێک و جوان کورتی بکەرەوە ئەها چەند پیاوانە قۆزم.

لێرەدا بەربەست دروست دەبێت بۆ ئاخاوتنەکە، یەکەمیان بە ناسکی و خانمانە حەزی لە جوانییە، بەڵام دووەمیان ، گاڵتەی بەو وەزعە دێت و شێوە کوڕانەکەی خۆی و باسکردنی جوانییەکەی ڕێک بە دەربڕاوی کوڕانە دەردەبڕێت کە وشەی قۆزە، کە ئەمە بۆ هەردوولا دەبێتە بەربەست و ڕەنگە هاوڕێیەتییەکەشیان نەمێنێت.

## ٣/٣/٣/ بەربەستی کۆزمانەوانی پلەوپایەی کۆمەڵایەتی Sociolinguisics Barriers of Social Rank

پلە و پایەی کۆمەڵایەتی بریتییەلە پێگەی کۆمەڵایەتی تاکێک لەناو کۆمەڵگەکەیدا لەڕووی( ئاستی ڕۆشنبیری، ئاینی ، زانستی، کۆمەڵایەتی..هتد)، ئەم پێگە کۆمەڵایەتییەش جێگیر نییە و هەمیشە لە گۆڕانداپە، بۆنموونە "ئەگەر لەڕووی چینی کۆمەڵایەتیەوە سەیری کۆمەڵگا بکەین، دەبینین لە سێ چین پێکهاتووە( سەروو، ناوەڕاست، خواروو)، ئەمە دەکرێت لە پلە و ئەرکی کارکردنیش بەرجەستە بکرێت، وەک لە دەزگایەکی بەڕێوەبردن، بەڕێوەبەرو جێگری بەڕێوەبەر و فەرمانبەری ئاسایی و کارگوزار و ...هتد، هەریەکەیان پێگەی خۆیان هەیە، جا هەر یەکە لە پلەو پایە کۆمەڵایەتیانەش کاریگەری لەسەر شێوازی ئاخاوتنی تاک دەبێت"(عەبدول رەحمن،٢٠٢٣،٢٤)، ئەم جیاوازیی پلە و پایە کۆمەڵایەتییە بووە بە هۆکارێکی بەهێز بۆ جیاوازبوونی شێوازی قسەکردنی تاکەکان ، مادام شێوازی قسەکردنی تاک جیاوازبێت، کەواتە ئەم جیاوازییە وادەکات زۆر کات لە ئاخاوتنەکاندا بەربەست دروست بێت و لێکتێنەگەیشتن روودات، هەندێکات ئەم هەڵە تێگەیشتنە بە شێوازی پۆزاوی و خۆ لێگێڕاو باس دەکرێت لە کۆمەڵگەی کوردیدا یان ئەگەر هەڵەتێگەیشتن و بەربەستەکە لە پلەیەیەکی نزمدا ڕوودات بە گێژ و نەزان ناوزەند دەکرێت.نموونە:

١٠/ -نووسەر:بەیانی وتارەکەم بڵاودەکرێتەوە.

کەسێکی ئاسایی: ئەها ،کە وتارەکەت بڵاو بۆوە ڕێک مووچە باش دەبێت؟ دەدانیشن بە قەڵەمێکەوە دوو شتی بێمانا دەدەنە پاڵ یەک و هیچ سوودێکیش بە کەس ناگەیەنێت.

نووسەر: بەڕێزم ، ئەوە چ قسەکردنێکە ، ئەوە چ پەیوەندی بەوە هەیە، پاشان کە لە بابەتێک نازانیت بۆ قسەی تێدا دەکەیت.

کەسی ئاسایی: نا نا هەر ئێوەی بە ناو ڕۆشنبیر شت ئەزانن.

ئەگەر سەیری ئەم گفتوگۆیە بکەین لە نێوان دوو کەسی ئاست جیاوازدا ئەنجامدراوە، یەکیان ڕۆشنبیر و نووسەر ئەوی تر ڕەنگە خوێندەواری هەبێت ڕۆشنبیری و زانیاری دەربارەی نووسین و ئەو بابەتانە نییە، بۆیە بەربەست بۆ ئاخاوتنەکە دروستبوو لەیەکتر تێنەگەیشتن ڕوویدا ، چونکە خاوەن وتارەکە هەوڵیدا دڵخۆشیی خۆی دەربڕێت و هەواڵەکە بگەیەنێتە بەرامبەر، بەڵام ئەو بە قسەی زبر وەڵامی دایەوە بابەتەکەت هیچ نییە وتەنها هەندێ وشە دراونەتە پاڵیەک هیچ سودێک ناگەیەنێت، لای ئەم بڵاووبوونەوەی وتار بێ سوودە، چونکە ژیانی ئەو و خەڵکی لەسەر مووچەیە بۆیە دەڵێت ئەگەر وتارەکەت بڵاوبۆوە مووچە باش دەبێت؟ واتە هیچ لە چاک بوونی مووچە باشتر نییە بەلایەوە، ئەمە بووە بەربەست و ئاخاوتنەکەی تێکداو گرفتی بۆ دروستکرد، نووسەرەکەش کاردانەوەی هەبوو بە شێوەیەکی نەرم و پڕ لە تانە وەڵامی دایەوە کە تۆ شارەزانیت و هیچ لەو بابەتە نازانیت، دووبارە وەڵامی ڕەق و زبر، گەر ئاوا گفتوگۆکە بەردەوام بێت گرفتی گەورەی لێدەکەوێتەوە، ئاستی ڕۆشنبیری ئەم دوو کەسە وایکرد بەربەست لەنێوانیاندا دروستبێت و تێنگەیشتن بێتە ئاراوە.

بەربەستێکی تر کە بەهۆی پلەو پایەی کۆمەڵایەتییەوە دروست دەبێت، هەندێ لە گەنجەکان پێگەی خێزانەکانیان(هەژاری) وەک شەرم دەبینن و زۆر کات دەبنە بەربەست لە گفتوگۆکانیاندا ، یان پێگەی خێزانەکانیان کە لە ئاستێکی بەرزدایە(دەوڵەمەندی و پارەو پۆستی بەرز) هەندێکات لووتبەرزیان دەکات و خۆیان بەشت دەزانن بەرامبەر ئەوانەی خوار خۆیان، وەک منەت و بێڕێزی کردن لە ئاخاوتنەکانیاندا دەردەکەوێت، کاتێک کۆمەڵێک گەنج پێکەوە کۆدەبنەوە، یەکیان زۆر دەستکورتە ئەوانی تر باشترن یان یەکیان زۆر دەوڵەمەندە و سەیارە و پارەی باشی هەیە ڕێزی زیاتر لێدەگیرێت و بە دەوریەوەن، نموونە:

١١/ ئازاد: کوڕە ئەوەچییە ئەو داشقەش بوو بە سەیارە، بەس ژینگە پیس ئەکات.

کاروان :چی بکەم وەڵآ هەر ئەمەوێت بیفرۆشم ، باوکم نایەڵێت.

ئازاد فرۆشتن( بەسەر سورمان و پێکەنینەوە)، فرۆشتنی چی فڕێی بە ، من بە یەک تێل کام سەیارە شازە باوکم ئەهێنێتە بەردەمم.

کاروان: ئا ئا ئەگەر باوکی منیش دزبوایە دەیتوانی باشترینم بۆ بکڕێت.

هەرچەندە هاوڕێن بەڵام هەموو قسەکانی ئاخێوەرەی یەکەم ڕەق و زبرن ولوتبەرزی و شانازی کردن بە باوکی و دەوڵەمەندییەکەیەوە دیارەو دەبێتە هۆی شکانەوەی ئاخێوەری دووەم، ئاخێوەری دووەمیش کاردانەوەی دەبێت و ئەویش قسەی زبر بەکاردەهێنێت. کەواتە لێرەدا ئاستی هەژاری و دەوڵەمەندییەکەش بوو بە بەربەست و بووە هۆی تێکدانی ئاخاوتنەکە.

## ٤/٣/٣/ بەربەستی کۆزمانەوانی پیشە: Sociolinguisics Barriers of Occupation

تاکەکانی ناو کۆمەڵ ئەو زانیاری و پسپۆڕییەی دەربارەی پیشەکەیان هەیانە لەڕێگەی زمانەوە دەریدەبڕن ، پیشەش بەتەواوی کاریگەریی لەسەر زمان هەیە ، هەر کار و پیشەیەک کۆمەڵێک وشە و زاراوەی تایبەت بەخۆی هەیە کە بەتەواوی کاریگەریان لەسەر خودی کەسەکە هەیە و هەندێکات بەهۆی بەکارهێنانی ئەو وشانەوە دەتوانین بزانین سەر بە چ گروپ و پیشەیەکن، کەواتە "هەر کار و پیشەیەک شێوازێکی تایبەتی هەیە و تارادەیەک جیاوازە لە پیشەیەکی تر، لەڕووی بەکارهێنانی زاراوەی تایبەت بەو پیشە دیاریکراوە، نموونەی ئەو وشانەی یان ئەو شێوازەی لە بواری سەربازییدا بەکاردەهێنرێت، جیاوازە لەو وشە یان شێوازەی لە بواری مامۆستاییدا بەکاردەهێنرێت"(عەبدول رەحمن،٢٠٢٣،٢١)، کەواتە هەم ئەو وشانە هەم ئەو ڕەفتارانە جیاوازن لە پیشەکاندا بەکاردێت. بۆ نموونە مامۆستایەک وشەی فێرکردن و نەرم و نیانی پێویستە و دەریدەبڕێت لە کارەکەیدا، بەڵام ئاسنگەرێک فیتەرێک وشەی تایبەت بە مەکینەو ئامێرەکان دەردەبڕێت و هێز لە ڕەفتارەکانیدا بەدیدەکەیت، کەواتە کە ئەم جیاوازییە لە وشەو پیشەکاندا هەبێت، دەکرێت هۆکاربێت بۆ دروستبوونی بەربەست لە

ئاخاوتنەکاندا، چونکە دەکرێت هەندێ گفتوگۆ لێکتێنەگیشتن بهێنێتە ئاراوە. بۆنموونە کەسێکی پسپۆڕ لە بواری زانستدا کۆمەڵێک وشەی تایبەت بەزانستەکەی بەکاردەهێنێت کەسێک لەدەرەوە کارەکەی ئەو لەو وشانە تێناگات، وەک پسپۆڕی زمانی کوردی ئەم وشانە بەکاردەهێنیت :( سیمانتیک، پراگماتیک، مۆرفیم، ئەلەفۆن، پارامێتەر،...هتد)، بەڵام خەیاتێک، فیتەرێک، بۆیاخچییەک نە لەو وشانە تێدەگات نەبەکاریشیان دێنێت بۆیە، لەکاتی قسەکردندا دەبنە بەربەست و تێنەگەیشتن دەهێنێتە ئاراوە. وەک ئەم نموونانەی خوارەوە؛

١٢/ پزیشکێک دەڵێت: "نەخۆشەکە بە ئازارێکی توندی سەرەوەی گەدە خۆی نیشان دەدات کە تیشک دەخاتە سەر پشت، لەوانەیە بریتی کونکراو بێت.

لەوانەیە کەسانی ناپیشەیی لە "ئێپیگاستریک"(Epigastric) یان "بریتی کونکراو" تێنەگەن، ئەمەش بەربەست دروست دەکات، بەتایبەت ئەگەر نەخۆشەکان بەساڵاچوو یان خەڵکی گوندبێت، لە، کاتەدا کێشە بۆ تێگەیشتن دروست دەکات و ناتوانن بە باشی چارەسەر وەربگرن، لە ئێستادا ئەمە گرفتێکی گەورەیە چونکە پزیشکەکان زۆر بە کەمی وشەی کوردی بەکاردەهێنن زیاتر وشە عەرەبی و زاراوە ئینگلیزییەکان لە ئاخاوتنەکاندا بەکاردەهێنن دەبێتە بەربەستی گەورەو زۆرکات نەخۆشەکان ناتوانن بەتەواوی لە چارەسەرەکانیان تێبگەن.

## ٥/٣/٣/ بەربەستی کۆزمانەوانی کلتور: Sociolinguisics Barriers of Culture

کلتور بریتییە لە هەموو ئەو یاساو ڕێسایانەی نەتەوەیەک یان کۆمەڵگە پەیرەوی دەکات، لەم ڕوانگەیەوە: "هەر کۆمەڵێک کلتوری خۆی هەیە، پێدەچێت لقە گروپە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگەیەک، لقە کلتوری ناوازەی تایبەت بەخۆیان هەبێت"(فەرەج،٢٠١١،١٨)، کەواتە کە هەر کۆمەڵێک کلتوری تایبەت بەخۆی هەبێت، دیاریکراوە و لادان لەو کلتورە دەبێتە هۆی ئەوە تاک لە یاساکانی کۆمەڵەکەی خۆی جێبەجێنەکردبێت، کەواتە کاتێک بەربەست لە ئاخاوتنەکاندا دروست دەبێت، کە دەستکاریی ئەو کلتورە و شتە پیرۆز و تایبەتییانە بکرێت، بۆنموونە لایەنێکی کۆمەڵایەتی لە کلتوری کوردیدا هەبوونی (جلی کوردی)، نیشانەیە بۆ کورد کە لەکلتوری باوباپیرانماندا ئەم جلە ڕێک و داپۆشراو بووە، بەڵام لە کلتوری ئێستادا جلەکە هەیە، بەڵام بەو کلتورەی کۆن نا بەگۆڕانێکی زۆرەوە هەندێکات هێندە شێوێندراوا بەتەمەنەکان پێیان وایە ئەو جلانە پەیوەندی بە جلی کلتوری کوردییەوە نییە، بۆ زمانیش هەمان شێوەیە لە کلتوری کوردیدا ئەو ڕێکەوتنە زمانییانەی کە هەیە زۆر تایبەت و پر ڕێزن، بەڵام لە ژینگەی ئێستاداو لە کلتوری ئێستادا ئەمە زۆر کەم بەدیدەکرێت، کەواتە بەربەستە کلتورییەکە لێرەدا ئەوەیە کە گۆڕانی کلتورەکە بۆتەهۆی ئەوەی، کە لێکتێگەیشتن و چۆنیەتی بەکارهێنانی داتا زمانییەکانیش بەتەواوی بگۆڕێت وببێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ لێکتێنەگەیشتن و دابڕان و بۆشاییەکی گەورە لەنێوان نەوەکاندا دروستبکات، بۆ نموونە هەندێ وشە و بابەت هەن لە کلتوری کوردیدا بە تابوو ناسراون کە باسکردنی ئەم شتانە لە ئاخاوتنەکاندا دەبنە بەربەست و گرفت بۆ پەیوەندییەکە دروست دەکەن، بۆ نموونە لەکلتوری کوردیدا بابەتەکانی،وەک:( سێکس، سوڕی مانگانە، ئەندامانی جەستەی پیاو یان ژن ....)، باسکردنی ئەمانە بەرەهایی ڕێگەپێدراو نییە و بەتایبەت کچان لەم بابەتانەدا زۆر هەستیارکراون و بەجۆرێک باسکردنیان دەچێتە قاڵبی بێشەرمییەوە، هەرچەندە دەتوانین بڵێن تارادەیەک لە کلتوری ئێستادا کەمێک باشترە ، بەڵام هەردەبنە بەربەست بۆ پەیوەندییەکان و بەهۆی شەرمەوە ناتوانرێت بەکاربهێنرێن زۆر کات لەخوێندنیشدا بەڕوونی ناوترێن، خاڵێکی تر لە کلتوری کۆنی کوردیداو لەهەندێک ناوچە ئەم دیاردە هەر هەیە و کچان فێردەکرێن کەمتر قسەبکەن و بەرێزەوە ڕەفتاربکەن و وەڵامی زەق پیاوان نەدەنەوەوە، لەزۆر قسە خۆیان بەدووربگرن، لەکاتێکدا ڕێگە بە کوڕ دەدرێت وەک کەسێکی بەدەسەڵات ڕەفتاربکات و هەموو شت بۆی ئاساییێت، لە کاتێکدا ئەمە نایەکسانی زمانی دروستدەکات، کە بە پەروەردەی کلتوورییەوە بەستراوەتەوە، بەربەستەکە ئەوەیە هەندێکات خانمان ناتوانن وەک پیاوان هەست و وشە و نارەزاییەکانیان دەربڕن، ئەمەش گرفت دروستدەکات و زۆرکات بەسەرکووتکردنی ئەوان گفتوگۆکە کۆتایی دێت.

## ٦/٣/٣/ بەربەستی کۆزمانەوانی ئاین: Sociolinguisics Barriers of Religion

هەر نەتەوەیەک لەم جیهانەدا ئاین و کۆمەڵێک یاسای تایبەت بەخۆی هەیە و پەیرەویان دەکات. کەواتە " ئاین بە ئاسمانی و زەمینیەکانییەوە، گوتارێکی ڕۆحی و دەروونییە ، بەشێکی گرنگی ژیانی مرۆڤەو بەهۆی بەهاو نەریت و یاساکانییەوە بناغەیەکی گرنگی زمان و شارستانییەت پێکدەهێنێت، گۆڕانی بەرفراوان لە کۆمەڵگادا دروستدەکات و ئەم گۆڕانانەش کار لە مەودای زمان دەکەن ، بەجۆرێک لە هەر زمانێکداو بەپێی پێڕەوی ئەو ئایینە دیاریکراوە، کۆمەڵێک وشە و دەربڕاو هەن گوزارشت لەو ئاینە دەکەن، بۆنموونە لە وشەکانی( حەج، تەواف، زەکات، سەدەقە، قوربانی ، حەدیس، بەرات...هتد)، ئاماژە بە ئاینی ئیسلام دەکەن"(ئەورەحمان،٢٠١٥،٣٧). کە هەر ئاینێک کۆمەڵێک دەستەواژەو دەربڕاوی تایبەت بەخۆی هەبێت کاریگەری لەسەر زمان دەبێت و لە ئاخاوتنەکاندا بەربەست دروستدەکەن، بەهۆی تینەگەیشتن لەوشەکە یان پەیرەونەکردنی ئەو یاسا ئاینیان ئەمەش بەربەستێکی گەورە دروستدەکات، بۆ نموونە لە کلتوری کوردیدا کە دانیشتوانەکەی بەرێژەی زۆری پەیرەوی ئاینی ئیسلام دەکەن، لەهەمانکاتیشدا ڕێژێکی زۆر لە پەیرەوکەرانی ئاینەکانی تری وەک(مەسیحی و جولەکە ) دەگرن چونکە ئاینی ئیسلام ڕێگەی بەوەداوە. ئەم جۆرە لە زمانی قسەکردنیشدا ڕەنگدانەوەی هەیە، لە کلتوری کوردیدا لە زمانی ڕۆژانەدا وشە ئاینییەکان زۆر بەکاردێت وەک( براکەم ، خودا عەفووت بکات، ڕەحمەتی خوات لێبێت، خوا پاداشتت باتەوە، ....)لە کۆندا زۆر بە ئاسایی بووە بەکارهێنانیان، بۆ نموونە گەر دووکەس لە قسەکردنیاندا وتبێتیان( براکەم ، ئێمە برای یەکین)، ئەمە زۆر ئاسایی بووە، بەڵام لە ئێستادا دەبێتە بەربەست و تێڕوانینەکان بۆ ئەوە دەچێت سەر بە حیزبێکی ئیسلامی بێت بۆیە بەو شێوەیە ئەو وشانە بەکاردەهێنێت، یان لەکۆندا (ڕیش) نیشانەی کەسێکی نوورانی و سۆفی یان دەروێش یان مەلا بووە، بەڵام لە ئێستادا دەڵێن ئیسلامییە و سەر بە حیزبێکی ئیسلامییە، یان بەکارهێنانی وشە تابووەکان دەبنە بەربەست گەر لە ئاخاوتنەکاندا بەکارهات، خواردنەوەی(مەی) لە ئاینی کوردا

حەرامە، کاتێک کەسێک دەیخواتەوە بەربەستی بۆ دروست دەکات و گوێ لە قسەی ناگیرێت و کەسی بەرانبەر خۆی ئاخاوتنەکە کۆتایی پێدێنێت، کەواتە مەیخواردنەوە بووە بەربەست لەبەردەم ئاخاوتنەکاندا. نموونە:

١٣/ ئاخێوەری یەکەم:من زەکات نادەم و بە پێویستیشی نازانم.

ئاخێوەری دوو: چۆن شتی وا دەڵێت ئەوە یەکێکە لە پایە گرنگەکانی ئاینی ئێمە.

لەم ئاخاوتنەدا جیاوازی بیروڕا لایەنی ئاینی بەربەستی دروستکردووە، لەبەرئەوەی بە بیروبۆچوونی ئاخێوەری یەکەم بەبەتێکی ئاساییە، بەڵام لای ئاخێوەری دووەم پلەوپایەیەکی پیرۆزی هەیە و ڕێگەنادات بەجۆرە قسەی لەسەربکرێت ، ئەم ڕاجیاوازە بەربەست دەخاتە نێوانیان و هەڵەتێگەیشتن دروستدەبێت و ڕەنگە بەکێشە و ئاڵۆزی گفتوگۆکە تەواوبێت.

بەپێی هەموو ئەو لێکدانەوانەی سەرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بەربەستی زمانی و بەربەستی کۆزمانەوانی لە ئاخاوتنەکانماندا ڕوو دەدەن و لێکدانەوەکان و دروستبوونی بەربەستەکان بە پێی ئاوەزی تاکەکان دەگۆڕێت، کە دەڵێن ئاوەزی تاکەکان دەکەوێتەوە سەر سەلیقە و شارەزای تاکەکە سەبارەت بە زمان و کلتور و ڕێساو یاساکانی ئەو کۆمەڵگەی تێیدایە، واتە دروستبوونی بەربەستەکان بەپێی کەس و ژینگەو کات و باروو دۆخ و دەروونی تاکەکان و بابەتی قسەلەسەرکراو دروستدەبێت.

## دەرئەنجام:

١- درکردن و نەشارەزایی و زانیاری کەم(دەربارەی زمان و کلتور و بابەتە گرنگەکانی کۆمەڵگە) لە ئاوەزی تاکەکاندا، هۆکاری سەرەکییە بۆ دروستبوونی بەربەست.

٢- بەربەستەکان گرفتی گەورە بۆ پەیوەندییەکان دروستدەکەن، هەندێکات لێکدابڕانیی تاکەکانی لێدەکەوێتەوە.

٣-دروستبوونی بەربەستەکان دەکەوێتە سەر کەس و کات و شوێن ، واتە مەرج نییە لای هەمووان بەیەک شێوە بەربەست دروستبێت.

٤-بابەتە کۆزمانەوانییەکان(تەمەن، توخم، کلتور، ئاین ، ..) هۆکاری سەرەکین بۆ دروستبوونی بەربەستەکان.

## سەرچاوە:


١- ئەورەحمان،ئالان محمد(٢٠١٥)***,پەرچەواتا لە بۆتەی کۆزمانەوانیدا*** ،نامەی ماستەر ،زانکۆی سلێمانی.

٢- ئەحمەد، شەیما محمود،(٢٠٢٣)، ***دەربڕینە ڕێژەییەکان لە زمانی کوردیدا***،نامەی ماستەر ،کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور،زانکۆی هەڵەبجە.

٣- دزەیی، عەبدولواحید موشیر،(٢٠١٤)***،زمانەوانی دەروونی***،هەولێر ،چاپی یەکەم،چاپخانەی ئاوێر.

٤- فەتاح،محمد مەعروف،(٢٠١١)، ***زمانەوانی،***چاپی سێیەم،چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٥- فەرەج،شاخەوان جەلال، (٢٠١١)***, تابۆ وەک نموونەی پەیوەندی نێوان زمان و کلتور*** ،تێزی دکتۆرا،زانکۆی سلێمانی.

٦- قادر،کاروان عمر،(٢٠١٢)***،سیستەمی درکپێکردن وەک بنەمایەکی ڕێزمانی*** ،گۆڤاری زانکۆی سلێمانی،بەشی ( B)ژمارە(٣٤).

٧-قادر، کاروان عمر ،(٢٠١٧)***،دارشتەی چەمک لە زمانی کوردیدا***،گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین ،ساڵی چوارەم ژمارە (١٣)کانوونی یەکەم.

٨- کەلهوڕی، دلۆڤان،(٢٠٢٤)***،هۆکارەکانی گۆڕان لە زماندا***، گۆڤاری زمان و زار، ساڵی ٤(١٤)،ل٢٩٧-٣٠٦.

٩- مەحوی،محمد،(٢٠٠٠)***،زمان وزمانەوانی لەرۆژنامەگەرێتیدا*** ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(١) ساڵی ٢٠٠٠ ل( ١-٢٠).

١٠- محمد،پێشکەوت مەجید،(٢٠١٩)***,پێوەرە کۆمەڵایەتیەکانی قسەکردن لە زمانی کوردید***ا ،دووەمین کۆنفرانسی هاوبەشی نێودەوڵەتی ،توێژینەوەی زمان و وێژەی کوردی و فارسی(زمان ناسی و بووتیقا), سنە،زانکۆی کوردستان.

١١- موحسین،بەهزاد(٢٠٠٨)***,کۆزمانەوانی***، گۆڤاری ڕامان،ژ.(١٢٩),ل.(١١٢-١٢٤).

١٢- مستەفا، مستەفا ڕەزا ،(٢٠٢٢)***،ئاڵنگارییەکانی بەردەم زمانی کوردی (هەرێمی کوردستانی عێراق بە نموونە)***،گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ١٠(١)، ل٣٢-٤٣٦٤.

١٣- نەبیی، ڕێبوار ئەحمەد،(٢٠١٥)***،پەیپێبردنی شاوەچە لە سیمانتیکی درکپێکردندا لەزمانی کوردیدا***،نامەی ماستەر،کۆلێژی زمان،زانکۆی سلێمانی.

١٤- حسێن،ڕێژنە معروف،(٢٠١٦)، ***شێوازی ئاخاوتنی ئافرەت لەقەزای پشدەر***، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین ،ساڵ سێیەم، ژمارە ( ٨ ) ل ( ١٠٧.١٢٦ ).

١٥- حمەغریب،هێرۆئەحمەد،(٢٠٢٢)، ***جۆراوجۆریەزمانیەکان لەراگەیاندنی کوردیدا***،گۆڤاری زانکۆی سلێمانی،ژ(٧١)،ل١-١٧.

١٦- عبدول ڕەحمن، عمر ئەحمەد ،(٢٠٢٣)***،جۆراو جۆری زمانی لە ڕۆمانی(حیکایەتەکانی باوکم) ی فەرهاد پیربالدا***، گۆڤارێ ئەکادیمییای کوردی، ژ ٥٥، ل ٧-٤٢.

١٧- عەبدوڵا، شلێر ڕەشید(٢٠١٥)، ***،پرۆسەی گەیاندن و چالاکبوونەوەی فۆرمە زمانی و نازمانییەکان لە زمانی کوردیدا***،نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

١٨ – عەلی،.بەکر عمر و حمەئەمین، شێرکۆ،(٢٠٠٧)***, زارو شێوەزار***،چاپی دووەم،چاپخانەی چوارچرا،سلێمانی.

١٩- عەلی، بەدرخان سلێمان ،(٢٠١٥)،**لێکەوتەی ئاخاوتەیی لە ڕۆمانی کوردیدا** ،تێزای دکتۆرا،سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٢٠- صالح، دەروون عبدالرحمن،(٢٠٢٢)***،ئیدیەم لە ڕوانگەی زانستی زمانی درکپێکردنەوە***،گۆڤاری زانکۆی گەرمیان،٩(٣),لا ٦٧-٨١.

**٢١-** السعران، محمود،(١٩٦٢)***،علم اللغة مقدمة للقارى العربى***،دار النهضه العربية للطباعة ولنثر-بيروت.

٢٢- Avery Neipert, A., Russo, K., Ortt, S., Scott, G. and Mierzwicki, J., ٢٠٢٤. Impacts of language barriers on care in physical therapy. Bulletin of the Faculty of Physical Therapy, ٢٩, p.٥١.

٢٣- Fairclough, N., ٢٠٠١. Language and power. ٢nd ed. Harlow: Pearson.

٢٤- Geeraerts, D. and Cuyckens, H. (eds.), ٢٠٠٧. The Oxford handbook of cognitive linguistics. Oxford: Oxford University Press.

٢٥- Giovannoni, F. and Xiong, S., ٢٠١٩. Communication under language barriers. Journal of Economic Theory, ١٨٠, pp.٢٧٤–٣٠٣.

٢٦-Jureddi, D.N. and Brahmaiah, N., ٢٠١٦. Barriers to effective communication. Journal of English Language and Literature, ٣(SI-٢), pp.١١٤–١١٥.

٢٧- Kulaeva, F.A. and Khasueva, K.G., ٢٠٢٤. Phenomenology of language barrier. SHS Web of Conferences, ١٩٥, ٠٢٠٠٨.

٢٨- Lakoff, G., ١٩٨٧. Women, fire, and dangerous things: What categories reveal about the mind. Chicago: University of Chicago Press.

٢٩- Lakoff, R., ٢٠٠٤. Language and woman's place. Rev. ed. Oxford: Oxford University Press.

٣٠- Langacker, R.W., ١٩٨٧. Foundations of cognitive grammar. Volume ١: Theoretical prerequisites. Stanford, CA: Stanford University Press.

٣١- Lee, S.M., ٢٠٠٣. A review of language barriers in health care. Portland, OR: Portland State University.

٣٢- Maaß, C. and Rink, I. (eds.), ٢٠٢٤. Handbook of accessible communication. Berlin: Frank & Timme.

٣٣- Rani, D.K.U., ٢٠١٦. Communication barriers. Journal of English Language and Literature, ٣(SI-٢).

٣٤- Wardhaugh, R. and Fuller, J.M., ٢٠١٥. An introduction to sociolinguistics. ٧th ed. Oxford: Wiley-Blackwell..

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARAN.2025.01-01-24

# Non-linguistic barriers to Kurdish speech within the framework of cognitive theory

## (A challenging research in the master's Letter)

**Shokhan Jamal Hama Rashid, Sozan Sa'dullah Abdulghani**

Department of Kurdish, College of Education, University of Charmo, Kurdistan Region - Iraq

**Article Info**

| | |
|---|---|
| **Received:** | June, 2025 |
| **Accepted:** | July, 2025 |
| **Published:** | August, 2025 |

**Keywords**

barrier, mood, understanding, cognitive, Sociolinguisics

**Corresponding Author**

Suzan.saadulla@chu.edu.iq
Shoxan.jamal@chu.edu.iq

**Abstract:**

As a fundamental means of communication, language is not only a means of conveying information, but also a primary way of expressing opinions, emotions, and establishing social relationships among individuals in society. In contemporary society, which is characterized by multilingualism and multiculturalism, the phenomenon of non-linguistic barriers has emerged as one of the most important obstacles to effective communication Cosmological categories prevent individuals from understanding each other and create problems for relationships. The research uses cognitive theory, which relies on the knowledge of individuals' moods to interpret expressions. The types of barriers vary according to time, person, place and psychological aspects of individuals How (age, social status, occupation, culture and religion) become obstacles to relationships and how the expressions of these aspects are interpreted by the desire of each individual in Kurdish society Cognitive and the principles of the theory and sociolinguistics from the perspective of cognitive theory), Part III (Cosmology and a brief summary of language barriers and cosmological barriers) and explaining each of them and giving examples and detailed analysis of each.